# توندوتیژی خێزانی و کاریگەریی لەسەر ئەندامەکانی
## توێژینەوەیەکی تیۆری وەسفیی شیکارییە
## توێژینەوەیەکی وەرگیراوە (مستل) لە تێزی دکتۆرا

خوێندکاری دکتۆرا علی جعفر خالد
email : ali.khalid@univsul.edu.iq
بەسەرپەرشتی
پ . د ژیا عباس قادر
زانکۆی سلێمانی/ کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی کاری کۆمەڵایەتی

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤\٨\٢١ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤\٩\٢٩

کلیلی وشەکان(توندوتیژی، توندوتیژی خیزانی، خیزان، کاریگەریی توندوتیژی لەسەر ئەندامانی خیزان.

پوختەی توێژینەوەکە
ئەم توێژینەوەیە (توندوتیژی خێزانی و کاریگەریی لەسەر ئەندامەکانی) توێژینەوەیەکی تیۆریی وەسفی شیکارییە و وەرگیراوە لە تێزی دکتۆرا، لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تایبەتە بە ڕگەزەکانی توێژینەوەکەو لە سێ باس پێکهاتووە: باسی یەکەم کێشەو گرنگی و ئامانجەکانی توێژینەوەکەی گرتوتەخۆ، و باسی دووەم تەرخانکراوە بۆ پێناسەکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە لەکاتێکدا و لە باسی سێیەمدا دوو توێژینەوەی هاوشێوە وەرگیراون. بەشی دووەمیش بە هەمان شێوە لە سێ باس پکهاتووە: جۆرەکانی توندوتیژی، کاریگەریی توندوتیژی خێزانی لەسەر ئەندامەکانی و دواترو لە دوا باسدا ئامارەکانی توندوتیژی خێزانی وەرگیراون و شیکردنەوەیان بۆ کراوە و لە نێوان شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا بەراوەردکراون. دواتر چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیەك و سەرچاوەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو.
لە کۆتاییشدا توێژینەوەکە گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێك لەوانە:
١ـ هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ی دەرکردووە و چەندەها بەڕیوەبەرایەتی پۆلیس و دادگای تایبەتی بۆ جیبەجێکردنی ئەو یاسایە دەرکردووە بۆ مەبەستی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی هەروەکو لەناوی یاساکەدا هاتووە، بەڵام توندوتیژی خێزانی وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە بڕ و لە جۆردا نەك کەمی نەکردووە بەڵکو زیادی کردووە، هەروەکو لە ئامارەکانی (١٣) ساڵی ڕابردوودا خراونەتەڕوو. کەواتە ڕیگای چارەسەری یاسایی تەنها بەس نییە لەو بوارەدا، بەڵکو توندوتیژی خێزانی چەندەها ڕەهەند و فاکتەری خۆی هەیە کە گرنگترینیان کولتووری کۆمەڵایەتییە کە خۆی لە داب و نەریت و هزری خێڵەکی و سیستمی نێرسالاریدا دەبینێتەوە، کە هەردووکیان ئاوێتەی دەسەڵات و سیستمی سیاسی وڵاتیش بوون، ئەمانەش هەموویان کاریگەرییان هەیە لەسەر مانەوەو زیادبوونی توندوتیژی خێزانی بە گشتی و توندوتیژی دژ بە مێینە بەتایبەتی هەیە، هەرچەندە توندوتیژی پێچەوانەش هەیە، توندویژی مێینە بەرامبەر بە ڕگەزی مێینە لەناو خێزاندا کە یەکێتی پیاوانی کوردستان ساڵانە ئامارەکانیان لەو بارەیەوە دەخەنەڕوو، بەڵام ڕێژەو جۆری ئەو توندوتیژییانە زۆر کەمترن وەك لەوەی بەرامبەر بەڕەگەزی مێینە ئەنجام دەدرێت.
٢ـ کرانەوەی کۆمەڵگای کوردستانی و کاریگەریی بە جیهانی بوون لەسەری بەتایبەتی هۆیەکانی پەیوەندیکردن لەسەر هەکووشیانەوە سۆشیال میدیا کاریگەریی نەرێنی زۆری لەسەر خێزان و ئەندامەکانی جێهێشتووە، ئەمە سەرەڕای پەیڕەوکردنی تاکگەرایی وەکو بەشێك لەسەر بەخۆیی ئەندامەکانی خێزان و دەرچوون لەشێوازی پەروەردەیی خێزانی سوننەتی و داواکردنی مافەکانیان لە دایك و باوك و لە کۆمەڵگاش بە گشتی. ئەمە سەرەڕای تەنگژەی ئابووری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری، ئەم هۆکارانە هەموویان بە تێکڕا و چەندەها هۆکاری ناوەکی و دەرەکی تر کاریگەریی نەرێنییان کردۆتە سەر خێزان لە هەرێمی کوردستاندا و توندوتیژی بە هەردوو شێوازەکەی نێرینە بەرامبەر بە مێینەو مێینەش بەرامبەر بە نێرینە لە بڕو لە جۆردا زیادی کردووە و پێویستی بە چارەسەری هەنووکەیی و درێژخایەنیش هەیە.

٣ـ لەماوەی (١٣) ساڵدا، واتە لە (٢٠١٠)ەوە تاکو (٢٠٢٢) لە شارو شارۆچکەکانی هەریمی کوردستان (١٠٥٧٩٢) سکاڵای توندوتیژی خێزانی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگابوونەوەی توندوتیژی خێزانی تۆمارکراون.
٤ـ ئاماری توندوتیژی ژنان دژی پیاوان بەپێی ڕاپۆرتی یەکێتی پیاوانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٢ دا گەیشتۆتە (٥٣٤) حاڵەت. و دابەشبووە بەسەر جۆرەکانی توندوتیژی وەکو: خوکوشتن و کوشتنی پیاوان لەلایەن ژنەکانیانەوەو بەهاوکاری کەسانی تر، دەرکردنی پیاوی بە تەمەن لەماڵەکەی خۆی، ناپاکی هاوسەرگیری، توندوتیژی جەستەیی و فشاری دەروونی و سێکسی، دەست بەسەراگرتنی مووچەکەی، بێبەشکردنی باوك لە بینینی منداڵەکەی، هێرشی میدیایی و ئەلکترۆنی و ناوزڕاندن.
٥ـ کاریگەرییەکانی توندوتیژی خێزانی بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەر منالّەکان، ئەوان زەرەرمەندی یەکەمن لەنێوان بازنەی توندوتیژی نێوان باوکان و دایکان، کە بەهۆیەوە منالّەکان هەست بە نەمانی ئاسایش و جێگیرنەبوونی ژیانی خیزانی دەکەن، کە خراپترین وێنە لەلای منالّەکان بینینی توندوتیژی نیوان باوکیان و دایکییانە و بەشێوەیەك لە هەست و نەستییان جێگیردەبێ لابردن و لەبیرچوونەوەی زۆر ئەستەمە
٦ـ توندوتیژی خێزانی هەندیکجار دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی خێزانەکە، کە چەندەها کێشەی لێوە دروست دەبێت، وەك پەرتەوازەبوون ودابڕانی منالان لە خوێندن و بێلانەیی و کارکردنیان ، کە ئەمیش یەکێکە لە پێشێلکارییەکانی مافەکانی منداڵ.

پێشەکی:

توندوتیژیی بەهەموو جۆرەکانیەوە لەسەر هەموو ئاستەکان بەگشتیی و توندوتیژیی جێندەریی بەتایبەتی کە زیاتر ڕووبەڕووی ئافرتان/ژنـان و منـاڵان دەبێـت دیـارەدەیەکی بەربـڵاوو کـۆمەڵایەتییە،لە گشـت نەتەوەو کۆمەڵگەکانـدا هەیە،بەڵام لە ڕووی بـڕو جـۆرەوە ڕێـژەییەوە لە کۆمەڵگـایەکەوە بـۆ کۆمەڵگـایەکی تـر دەگۆڕێـت،لە ویـلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، لە ئەوروپا،لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وڵاتـانی عەرەبـیش کە کلتـوری کۆمەڵگـای ئـێمە بارگاوییە بە کلتوری ئەوان و وڵاتانی دراوسـێی تـریش ، ئـێمەش بەدەسـت ئەو تونـدوتیژییانەوە دەنـاڵێنین، هەربـۆیە لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی لەساڵی ١٩٤٨ کە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ دەرچوو دواتر چەندەها بڕیاری تردەرچـوو لەوانە بڕیاری( ١٣٢٥ )ی ئەنجومەنی ئاسـایش بـۆ بەگژاچونەوەو کەمکـردنەوەی تونـدوتیژیی دەرکـراوە، هەروەهـا هەر وڵاتەش بەگـوێرەی ئاسـتی شارسـتانی و بـارودۆخی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی خـۆی یاسـای بـۆ هەمـان مەبەسـت دەرکردووە ، حکومەتی هەرێمـی کوردسـتانیش یاسـای بەرەنگـاربوونەوەی تەنـوتیژیی خێزانـی ژمـارە (٨)ی سـاڵی ٢٠١١ دەرکـردووە ، هەروەهـا لەهەمـوو شـارەکانی هەرێـم دادگـای تـایبەت و بەڕێـوەبەرایەتی بەدواداچـوونی تونـدوتیژیی دژ بە ئافرەتان/ژنـان دامەزرانـدووە بـۆ جێبەجێکردنـی ئەو یاسـایەو ڕاپەڕانـدنی بڕیـارو کاروبارەکـانی دادگای نەهێشتنی توندوتیژیی خێزانیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەی توندوتیژیی بە گشتیی و تەنوتیژیی جێنـدەریی بە تایبەتی لە هەرێمی کورستان بەڕێژەیەکی بەرچاو هەیەو بەرەو زیادبوونە.

توندوتیژی خێزانی چەندەها ڕەهەند و فاکتەری خۆی هەیە کە گرنگترینیان کولتووری کۆمەڵایەتییە کە خۆی لە داب و نەریت و هزری خێلەکی و سیستمی نێرسالاریدا دەبینێتەوە، کە هەردووکیان ئاوێتەی دەسەڵات و سیستمی سیاسی وڵاتیش بوون، ئەمانەش هەموویان کاریگەرییان هەیە لەسەر مانەوەو زیادبوونی توندوتیژی خێزانی بە گشتی و توندوتیژی دژ بە مێینە بەتایبەتی هەیە، هەرچەندە توندوتیژی پێچەوانەش هەیە، توندویژی مێینە بەرامبەر بە ڕەگەزی نێرینە لەناو خێزاندا کە یەکێتی پیاوانی کوردستان ساڵانە ئامارەکانیان لەو بارەیەوە دەخەنەڕوو، بەڵام ڕێژەو جۆری ئەو توندوتیژییانە زۆر کەمترن وەك لەوەی بەرامبەر بەرەگەزی مێینە ئەنجام دەدرێت.

ئەم توێژینەوەیـەش هـەوڵێکی تـری زانسـتییە بـەئامانجی دەرخسـتنی قـەبارەی دیـاردەی تونـدوتیژی بـە گشـتی و توندوتیژی خێزانی و دیارکردنی کاریگەرییەکانی توندوتیژی لەسەر ئەندامانی خێزان، کۆمەڵگا بەگشتی.

sjh@univsul.edu.iq

## بەشی یەکەم
## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

باسی یەکەم/ ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

۱ ــ کێشەی توێژینەوەکە Research Problem

کێشەی توێژینەوە هەنگاوی یەکەمە لە هەنگاوەکانی میتۆدی زانستی لە توێژینەوەدا، جا لەزانستی سروشتی بێت یان زانستی مرۆڤایەتی، توێژەران بە پرسیارێك دەستپێدەکەن پەیوەندی هەیە بە دۆزێك یان بابەتێکی دیاریکراو کە وەڵامێکی ئامادەکراوی نییە، توێژەر هەوڵدەدات وەڵامێکی دروست بۆ پرسیارە سەرەکی و پرسیارە لاوەکییەکانی پەیوەستدار بە پرسیارە سەرەکییەکەوە دەستکەوێت (الحمدانی، ۲۰۰۵: ۵۰)

دیاردەی توندوتیژیی بەگشتی و تەنوتیژیی خێزانی و جێندەریی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بۆتە باسی میدیاکان و بڵاوبوونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لەنێو دانیشتواندا ،بۆتە جێگای سەرنجڕاکێشانی شارەزایان و خەمخۆرانی ئەو بووارە،هەرچەندە چەندەها هەوڵی حکومی و ناحکومی هەیەو چەندەها توێژینەوەش لەو بووارەدا کراوە،بەڵام دیاردەکە هەرماوەو ئەگەر بە ژمارەش کەمی کردبێ ئەوا لەڕووی جۆرەکەیەوە مەترسیدارە،هەربۆیە ئەنجامدانی ئەم توێینەوەیەش بە ئامانجی بەشداریکردن و هەوڵێکی زانستییە لەپاڵ هەوڵی لایەنەکانی تر بۆ مەبەستی بەگژاچونەوەی ئەو دیاردەیەو هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا بە بڕوابوونیان بە یەکسانی مرۆڤەکان و پراکتیزەکردنی بەندەکانی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و پابەندبوونی حکومەت بە پیادەکردنی سیستمی بە هاوڵاتیبوونی دانیشتوان و بەرقەرابوونی ئاشتی و هێنانەدی خۆشگوزرەرانی کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان بەبێ جیاوازی. کێشەی توێژینەوەکە لەمیانەی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو:

۱ــ توندوتیژی بریتییە لە کێشەیەك ئاسەواری دەروونی و کۆمەڵایەتی نەرێنی لەسەر تاك و کۆمەڵگا جێدەهێڵێت.

۲ــ توندوتیژی خێزانیش کاریگەریی نەرێنی جێدەهێڵێ لەسەر کەسایەتی دوارۆژی نەوەکانی کۆمەڵگا لەڕووی دەروونییە، کاریگەریی ئەو توندوتیژییە تەنها لەسەر خێزان ناوەستێ، بەڵکو تێدەپەڕێ بۆ گەڕەك و لەوێشەوە بۆ کۆمەلگا بە گشتی.

۳ــ توندوتیژی زارەکی مەترسیدارترین جۆری توندوتیژییە لەسەر تەندروستی دەروونی ژن و مێرد و منداڵەکانیان، هەرچەندە کە ئاسەواریکی ماددی ئاشکرای نییە کە بەچاو ببینرێت.

۲ــ گرنگی توێژینەوەکە

هەموو توێژینەوەیەك گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو دەبێ لە دوو تەوەردا خزمەت بە ڕەوتی زانستی و ژیانی مرۆڤەکان بکات، تەوەری یەکەمی بریتییە لە بواری تیۆری، بەشیوەیەکی گشتی توێژینەوەکان دەبنەهۆی کەڵەکەبوونی زیاتری زانیاری و مەعریفەی زانستی لە بوارەکانی خۆیاندا، تەوەری دووەمی گرنگی توێژینەوەکان بریتییە لە بواری پراکتیکی و کرەوەیی بۆ جێبەجێکردن و چارەسەرکردنی هەر گرفتێك کە توێژینەوەکەی لەپێناودا نوسراوە (شوانی، ۲۰۱۵:. ۲۰٦).

گرنگی ئەم توێینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیاریکراون:

۱ــ خستنەڕووی جۆرەکانی توندوتیژی بە گشتی و توندوتیژی خێزانی بەتایبەتی و دابەشکردنیان بۆ سێ گروپ: گروپی یەکەم توندوتیژی فیزیکی و دووەم دەروونی و سێیەمیشیان توندوتیژی کۆمەڵایەتییە، کە هەریەك لەو گروپانە دابەشبوونەتەوە بۆ چەندەها جری توندوتیژی تر.

۲ــ خستنەڕووی کاریگەرییەکانی ئەو سێ گروپە لە توندوتیژی لەسەر ئەندامەکانی خێزان و کۆمەڵگاش بە گشتی.

۳ــ خستنەڕووی ئاماری (۱۳) ساڵ سکاڵای توندوتیژی خێزانی کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە شارە شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراون و شیکردنەوەیان و بەراوردکردنیان.

۳ــ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجەکانی توێژینەوە هەنگاوێکی گرنگە، لەبەرئەوەی یارمەتی توێژەر دەدات لە زانینی ئامانجەکانی و زانینی ڕیگایەکی گونجاو بۆ فەراهەمکردنی ئامانجەکانی، هەروەها یارمەتیدەدات لە دیاریکردنی تێڕوانینەکانی توێژەر و ڕوونکردنەوەی گرنگی توێژینەوەکەی (ابو النصر، ۲۰۱۷ : ۹۸)

ئامانجەکانی توێژینەوەکە لەم چەند خاڵەدا خراونەتەڕوو:

۱ـ زانینی هۆکارەکانی دیاردەی توندوتیژی بە گشتی و توندوتیژی خێزانی بەتایبەتی.

۲ــ باسکردنی کاریگەرییەکانی توندوتیژی لەسەر تاك، لەسەر خێزان و دواتر لەسەر کۆمەڵگا بەتایبەتی.

sjh@univsul.edu.iq

٣ـ خستنەڕووی ئامارەکانی توندوتیژی خێزانی کە لە بەڕێوەبەرایەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا تۆمارکراون و شیکردنەوەیان و بەراوردکردنیان بە گوێرەی ساڵەکان.

باسی دووەم/ پێناسەکردنی چەمك و زاراوەکانی توێژینەوەکە

دەستپێك

لەتوێژینەوەی زانستیدا دەستنیشاکردنی چەمکەکان واتە خستنەڕووی ئەو چەمکانەی کە لە ناونیشان یاخود بەشێوەیەك لەشێوەکان دەچنەوە سەر ناونیشانی توێژینەوەکەو نزیکن لێیەوە، پێویستە پێناسە بکرێن وبە وردی بخرێتەڕوو، چونکە لەلایەکی ترەوە و لەبەرئەوەی چەمکە مرۆڤایەتییەکان بە چەندین شێوەو واتای جیاواز مانایان بۆدادەنرێت ولێکدەدرێتەوە، ئەمەش وادەکات جیاوازی لە دیدوبۆچوون وباکگراوندی تیۆری ئەو زاناو پسپۆڕانەدا هەبێت کە پێناسەیان بۆ چومکەکان کردووە (بۆکانی،٢٠١٦: ٢٥).

١ـ توندوتیژی العنف ـ Violence

توندوتیژی دیاردەیەکی فرەڕەهەندەو پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، زانستەکانی کۆمەڵناسی، دەروونزانی، سیاسی، یاسایی و زانستی تاوانیش هەریەکە لە ڕوانگەی خۆیەوە پێناسەی بۆ توندوتیژی کردووە، هەوڵدەدەین لێرەدا پێناسەی توندو تیژی وەکو چەمك و لەڕووی زمانەوانیشەوە بکەین ، دواتر دواتر پێناسەی ئەو زانستانە هەریەکە بە جیا بخەینەڕوو:

لەڕووی زمانەوانییەوە : وشەی توندوتیژی (Violence) هاومانایە لەگەڵ وشەی (Viol are)ی لاتینی، کە بەمانای (پێشێلکردن دێت) لەم کردەیەدا کەسێك وەك بکەری ئەم پێشێلکردنە ئامادەیی هەیە، هەروەها لە فەرهەنگی (وێبستر ـ Webester)دا وشەی توندوتیژی بە مانای بەکارهێنانی هێزی جەستەیی دێت کە لە بنەڕەتدا بە ئامانجی زیانگەیاندن و لێکەوتەی ئەزییەت و ئازار بۆ لایەنی بەرامبەر، پەنای بۆ دەبرێ، یان هەندێ جار مرۆڤ بەرامبەر خودی خۆی ئەنجامی دەدات واتا ئازارگەیاندن بەخود (ڕەفیق، ٢٠٢٠ : ٨)

لەڕووی چەمکەوە: توندوتیژی Violence لە دوو وشەی لاتینی (VIS) واتە هێزو ڕابردووی (Fero)واتە هەڵی دەگرێ و لەسەریەتی ، وشەی (violence) واتە هەڵگری هێز یان مەبەستی پیادە کردنیەتی بەرامبەر کەسێك یان هەر شتێك (هەمان سەرچاوە: ٨)

لە زانستی کۆمەڵناسیدا چەمکی توندوتیژی واتا: کارپێکردنی وزەو هێزی نامەشروع و ناکۆك لەگەڵ یاساکان، کە دەبێتە هۆکاری گۆڕینی ویست وئارەزووی تاك. لەڕوانگەی (جوهان جولتن ـ Johan gaultung)ی کۆمەڵناس، چەمکی توندوتیژی بە مانای: کوشتنی لەسەرخۆی مرۆڤە بە میکانیزمی نەرم و سەندنەوەی ئارەزووەکانی. هەروەها پزیشکی فەڕەنسی، (ئەندریە ـ جیرنز Andre Gernez) لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ئاوا توندوتیژیمان پێدەناسێنێ: فاکتەری مردنی سەدان مەلایین مرۆڤ. پەیوەندیی بە تێکشکاندنی ڕۆحییەوە هەیە، لەوانەیشە میکانیزمی سادە و ئاسان بۆ لەدەستدانی مرۆڤ بەکارهاتبن.(ڕەفیق، هەمان سەرچاوە: ٨)

زانستی دەروونزانی پێناسەی توندوتیژی دەکات کە بریتییە لە: **هەر** کردارێك ببێتەهۆی ئازاری دەروونی بەبێ ئەوە زیانی جەستەیی لێبکەوێتەوەوەکو:ووتەی نەشیاو، ناوونابۆرە، پشتگوێخستن، ڕێزنەگرتن، بەدگومانی، لۆمەکردنی بێبنەما، ترساندن، سوکایەتی پیکردن (حسن، ٢٠٢٠: ٢٢٠)

ب ـ توندوتیژی خێزانی ViolenceDomestic

دەتوانین توندوتیژی ناوماڵ یان خێزانی بەوە پێناسەبکەین بەوەی یەکێك لە ئەندامانی خێزان ئەنجامی دەدات بەرامبەر بە یەکێك یان ئەندامەکانی تری خێزان، وزۆربەی توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە توندوتیژی جەستەیی لە زۆر لە حاڵەتەکاندا بەرامبەر بە منداڵان ئەنجام دەدرێن، و جۆری دووەمی توندوتیژی خێزانی ئەوەیە کە پیاوان بەرامبەر بە ژنەکانیان ئەنجامی دەدەن. هەروەها ژنانیش لە هەندێ حاڵەتدا توندوتیژی بەرامبەر بە هاوسەر و منداڵەکانیان وەکو یەك دەکەن. هەندێ لە شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی وادەبینن کە ناوماڵ یان خێزانی ڕۆژئاوایی لە زۆرترین ئەو جێگایانەن کە پڕە لە مەترسی، و لەلایەن ئامارییەوە، مرۆڤ تەمەن و ڕەگەزی هەرچییەك بێت لەماڵەوە زۆرتر توشی مەترسییەکانی توندوتیژی جەستەیی دەبێت وەك لە دەرەوە لە ڕێگاوبان لە شەقامەکان و شوێنەکانی تری دەرەوەی ماڵ. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بابەتی توندوتیژی خێزانی بووە جێگای سەرنجی ناوەندە ئەکادیمییەکان لەمیبانەی ئەو توێژینەوانەی کە ڕێکخراوەکانی ژنان لە شوێنی داڵدەدانی ژنان ئەنجامیاندا، ئەو ژنانە بوون کە بە شەق و زلە زۆریان لێدرابوو. توندوتیژی خێزانی هەروەکو ئازاردان و لیدانی منداڵ لەو سەردەمەدا فەرامۆش و پەردەپۆش کرابوو، و توێژینەوەکانی تری ڕێکخراوەکانی ژنان ئاشکرایان

sjh@univsul.edu.iq

کرد کە توندوتیژی خێزانی و لەناو ماڵەکاندا زیادی کردوووە و توندتریش بووە، و هەواڵدان بە پۆلیسیش زیادی کردووە کە زۆربەیان توندوتیژی پیاوان بووە بەرامبەر بە ژنەکانیان (غدنز،٢٠٠٥: ٢٦٧)

توندوتیژی خێزانی لەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانیدا پێناسە کراوەو سزاشی بۆ ئەنجامدەرانی دیاریکراوە، ویاساکە بەم شێوەیە پێناسەی کردوو:(هەرکەسێك کە پەیوەستی هەبێ بە پەیوەندییەکی خێزانی، ئەنجامدانی توندوتیژی لەچوارچێوەی خێزانیدا لێ قەدەغە دەکرێ لەوانەش: هاوسەرگیری بەزۆر،هاوسەرگیری ژن بەژن، بەشوودان لەجیاتی خوێن، لێکجوداکردنەوەی بەزۆر (الطلاق بالاكراه)، بڕینی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، (صلة الارحام)، مێرد بەزۆر ژنی خۆی ناچاری بەدڕەوشتی و کاری داوێن پیسی بکات، خەتەنەکردنی مێینە، ناچارکردنی تاکەکانی خێزان بۆ جێهێشتنی فەرمانبەرایەتی بە نارەزایەتی خۆیان، ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن وسواڵکردن وبەجێهێشتنی خوێندن، خۆکوشتن لە ئەنجامی توندوتیژی خێزان، لەباربردن لەئەنجامی توندوتیژی خێزان، لێدانی تاکەکانی خێزان ومنداڵ بەهەر بیانوویەك بێت، سوکایەتی پێکردن وجنێودان وجنێودان بە کەسوکارو بەکەم سەیرکردنی وئازاردانی وگوشار بۆهێنانی دەروونی و پێشێلکردنی مافەکانی وبەزۆر سەرجێی کردن.

توندوتیژی خێزانی جۆرێکە لە جۆرەکانی توندوتیژی ماناى لێدان وسوکایەتی پێکردنی ئەنقەستی ژن ومنداڵە، لاقەکردن هەموو تابۆکانی ئەندامانی خێزانە ئەم کارە زیاتر لەلایەن مێرد، کوڕ، باوك، برا دەکرێت، لەبەرئەوەی پیاو لەکۆمەڵگای پیاوسالاریدا خاوەنی پێگەو دەسەڵاتی خۆیەتی، ئەم بارودۆخە دەسەڵاتی پیاوی بەسەر ژندا زیادکردووە کە بەهۆی توندوتیژییەوە ئەم دەسەڵاتە دەسەپێنێت (محمد،٢٠٠٣: ٣٨)

٣ـ خێزان Family

خێزان یەکەیەکە یان ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتییە، چەند ئەندامێك دەگریتەخۆ، کە لەڕووی تەمەن و ڕەگەزەوە جیاوازن، واتە دوو کەس لە پێگەیشتووان یان زیاترو منداڵێك یان زیاترە، بۆ مەبەستی تێکردنی سێکسی وهاوکاری ئابووری و وەچەخستنەوەو پەروەردەی منداڵە. و زۆرجار شوێنی نیشتەجێبوونی سەربەخۆی هەیەو ملکەچی خوو نەریت و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و سیستم و یاساکان دەبێت (عونی، ١٩٨٢: ٢٨٤). کەواتە خێزان گرنگترین خانەی کۆمەڵگایە کە تیایدا مرۆڤ پەروەردە دەبێت و لە بوونەرێکی بایۆلۆجییەوە دەگۆڕیت بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، بەقۆناغەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا تێپەڕدەبێت و هەریەك لەزمان و داب و نەریت وئایین و بەها کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆشنبیری گشتی کۆمەڵگا وەردەگرێت، خێزان یەکەمین ناوەندە بۆ پێگەیاندنی مرۆڤ ودرێژەپێدەرو مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤایەتییە، چونکە بەهۆی خێزانەوە ڕگەزی مرۆیی بەردەوام دەبێت وکولتووری کۆمەڵایەتیش دەگوازرێتەوە.

باسی سێیەم/ توێژینەوە هاوشێوەکان

دەستپێك

ماستەرنامەو تێزی دکتۆرا و توێژینەوە بڵاوکراوەکان لە گۆڤارە زانستییەکاندا سەرچاوەیەکەن لە سەرچاوە دەوڵەمەندەکان و بەسوودن بۆ چوارچێوەی تیۆری ئەو توێژینەوەی کە توێژەر ئەنجامیدەدات، هەروەها یارمەتی توێژەر دەدەن بۆ بەراوردکرنی (ناونیشان، کێشە، گرنگی، ئامانج و دەرئەنجامەکان) ی توێژینەوەکەی خۆی لەگەڵ ئەو توێژینەوانەی کە پێشتر بۆ چارەسەرکردنی هەمان کێشە ئەنجامدراون. (الزيباري،١١٢،٢٠١١)

١ـ توێژینەوەی حەسیبە عبداللە کریم ونوخشە فتاح نوری(٢٠١٠)،توندوتیژی خێزانی ـ توندوتیژی برا بەرامبەر بەخوشك بە نموونە.

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە هەردوو شاری سلێمانی وهەولێرە، نموونەی وەرگیراو لە هەردوو شارەکە شەش قوتابخانەی ئامادەییە، سیانیان لە سلێمانی کە بریتییت لە:ئامادەیی کوردستان،ڕزگاری نموونەیی،پیرەمەگرون، بەڵام ئەوانەی هەولێر :مەئمون دەباغ،چنار،فاخر مێرگەسور ن،هەروەها ئەندامی ڕێگخراوەکانی ژنان لە تەلاری تەواری شاری سلێمانی. هەموو ئەمانە وەرگیراون کە ژمارەیان دەکاتە(٧٨٨)تاکی کۆمەڵگاکە.

لەرێگەی میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی وفۆرمی ڕاپرسی ئامرازە ئامارییەکان ڕێژەی سەدی وناوەندی ژمێرەیی توێژەر هەوڵیداوە گریمانەکانی بێنێتەدی کە بریتیین لە:

١ـ توندوتیژی خێزانی بووتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای محلی سلێمانیدا.

٢ـ توندوتیژی برا بەرامبەر بەخوشك زۆرترین ڕێژە لە توندوتیژی خێزانییە.

٣ـ توندوتیژی دەروونی باوترین فۆڕمی توندوتیژییە لەڕووی پراکتیزەکردنەوە لەچوارچێوەی خێزاندا.

شێوازی پەروەردەیی هۆکاری سەرەکییە بۆ دروستبوونی توندوتیژی برا بەرامبەر بەخوشك لەناو خێزاندا.

ئامانجی توێژینەوەکە لەم چوارخاڵەدا خراوەتەڕوو:
١ـ خستنەڕووی توندوتیژی خێزانی بە تیشك خستنەسەر هۆکارەکانی.
٢ـتیشك خستنەسەر گرنگترین هۆکارەکانی توندوتیژی برا بەرامبەر بەخوشك.
٣ـ دیراسەکردنی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی خێزانی لەلایەن ئەو کەسانەی توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت.
٤ـ پێشکەشکردنی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بۆ ڕێکخراوەکان ودەزگا کاراکان لەبواری خێزاندا.
دوای تواوبوونی توێژینەوەکەله ٢٠١٠/٢/١ توێژەران گەیشتوونەتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:
١ـ ڕێژەی(٣٧،٩٪)ی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە توندوتیژی خێزانی بە بڵاوترین جۆری توندوتیژی دادەنێن لەناو کۆمەڵگادا، ڕێژەی (٢٥،١٪)نموونەی توێژینەوەکە توندوتیژی برا بەرامبەر بەخوشك بە دیارترین جۆری توندوتیژی دادەنێن لەناو خێزاندا.
٢ـ ڕێژەی(٧٩،٧٪)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە توندوتیژی خێزانی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا.
٣ـ ڕێژەی(٥٦،٥٪)ی نموونەی توێژینەوەکە توندوتیژی پیاو بۆ ژنەکەی بەکاریگەرترین جۆری توندوتیژی دادەنێن لە چوارچێوەی خێزاندا.
٤ـ ڕێژەی(٣٥،٧٪)هۆکاری دروستبوونی توندوتیژی خێزانی دەگێرنەوە بۆ ئەقڵییەتی پیاوسالاری لەناو کۆمەڵگادا.
٥ـ ڕێژەی(٣٨،٧٪)ی نموونەی توێژینەوەکە توندوتیژییان بەرامبەر کراوە لەلایەن براوە.
٦ـ ڕێژەی(٤٥،٥٪)ی ئەوانەی لە نمووەی توێژینەوەکە توندوتیژییان بەرامبەر کراوە لە ژیانی کۆمەڵایەتییاندا ، لەجۆری توندوتیژی دەروونی بووە.
٧ـ ڕێژەی(٣٥،٧٪)نموومنەی توێژینەوەکە توندوتیژییان بەرامبەر کراوە لەبەرامبەردا تەنها بێدنگبوون.
٨ـ ڕێژەی(٣٩،٧٪)نموونەی توێژینەوەکە هەست وسۆزیان بەهۆکار دەزانن لەبەرامبەر بێدەنگبوونیان کاتێك توندوتیژییان بەرامبەر کراوە.
٩ـ ڕێژەی(٣٧،٤٪)ی نموونەی توێژینەوەکە کاتێك توندوتیژییان بەرامبەر کراوە کاردانەوەیان دڵتەنگی وگریان بووە.
١٠ـ ڕێژەی (٤٥،٧٪)ئەوانەی بەهۆی توندوتیژییەوە توڕەدەبن ،توڕەییەکەیان بەسەر چواردەوردا دەردەبڕن.
١١ـ (١٧)نموونەی توێژینەوەکە کاتێك توندوتیژییان بەرامبەر کراوە زیاتر ئاسەواری دەروونی (قسە پێوتن،بڕوا بەخۆ نەبوون هەست بریندارکردن )یان لەسەر بووە.
١٢ـ (١٣)ئەندامی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە پێویستە گەشەبدرێت بە فکروبیری ئەو برایانەی توندوتیژی دەکەن بەرامبەر خوشکەکانیان.
٢ـ توێژینەوەی أفراح جاسم محمد (٢٠١٣)، العنف الاسري ضد الزوجة، دراسة میدانیة في مدینة بغداد
ئەم توێژینەوە لە شاری بغداد لە هەردوو بەشی کەرخ ورەسافە ئەنجامدراوە، ئەو ژنانەی وەرگرتووە کە توندوتیژی خێزانییان بەرامبەر کراوەو لە داداکانی ئەو دوو بەشە سکاڵایان تۆمارکردووە ، لەکۆی گشتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (٢٥٤)ژن (١٨١)یان وەکو نموونەی توێژینەوەکە وەرگرتووە، بۆ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری فۆرمی ڕاپرسیی وچاوپێکەوتن وتێبینی بەکارهێناوە ، میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە، بۆ لێکدانەوەی ڕەگەزەکان وشێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان چوار تیۆری کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە: ١ـ تیۆری بونیادی وەزیفی ٢ـ تیۆری کارلێکی هێمایی ٣ـ تیۆری ململانێ
٤ـ تیۆری فێمینیستی توندوتیژی نێرینەیی،
بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژەر ئەم گریمانانەی خستۆتەڕوو:
١ـ پەیوەندی هەیە لەنێوان مادە کحولییەکان ومادە هۆشبەرەکان کە مێرد دەیکێشێ ولەگەڵ ئەو توندوتیژییانەی کە دەینوێنێ.
٢ـ پەیوەندی هەیە لە نێوان نەزانینی شێوازی مامەڵەکردنی ژن لەگەڵ مێردەکەی وشێوازی توندوتیژی دژی ژن.
٣ـ پەیوەندی هەیە لە نێوان دەستێوەردانی بەردەوامی کەسوکار لە ژیانی خێزانی و شێوازی توندوتیژی دژی ژن.
٤ـ پەیوەندی هەیە لە نێوان خوو نەریت وپێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازی توندوتیژی دژی ژن.
٥ـ پەیوەندی هەیە لە نێوان نەبوونی نموونەی باڵا لەناو خێزانداو و شێوازی توندوتیژی دژی ژن.
٦ـ پەیوەندی هەیە لە نێوان ئەو ژنانەی کێشەی تەندروستییان هەیەو شێوازی توندوتیژی دژی ژن.

٧ـ پەیوەندی هەیە لە نێوان ئەو خێزانانەی کە لەئێواری هەڵوەشاندنەوەدان و شێوازی توندوتیژی دژی ژن.
٨ـ پەیوەندی هەیە لە نێوان ئەو تاکانەی کە خەریکە توشی لادان وتاوان دەبن و شێوازی توندوتیژی دژی ژن.
گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەم شیوەیە خراونەتەڕوو:
١ـ دەرکەوتووە زیاتر لەنیوەی لێتوێژراوان ئاستی زانستییان نزمە ، سەرەتایی وبەرەو خوارتربەڕێژەی(٦١٪).
٢ـ زیاد لەنیوەی لێتوێژراوان پیشەیان ئافرەتی ماڵەوەن وژمارەیەکی زۆری مێردەکانیشیان بێکارن بەڕێژەی(٣٩،٧٪).
٣ـ سەبارەت بەشوێنی نیشتەجێبوون (٥٣،٧١٪)ی خێزانەکان کرێچین .
٤ـ سەبارەت بە جۆری توندوتیژی وڕێژەکەی ئەو ژنانەی کە لەلایەن مێردەکانیانەوە توندوتیژی جەستەییان بەرامبەر کراوە (٣٦،٧٪)و (٢٣٪)زیاتر لەجۆرێك توندوتیژی و(١٤،٧١٪)توندوتیژی ئابووری و(١٤٪)توندوتیژی تونددروستی ودەروونی ، (٦٦،٣١٪)توندوتیژی سێکسی و(٥,٣٪)توندوتیژی زارەکی بووە.
٥ـ (٦٢،٣١٪)مێردەکانیان مادە کحولی ومادە هۆشبەرەکانیان بەکارهێناوە.
٦ـ ٥٥،٧٪ )مێردەکانیان تونوتیژییان بەرامبەر بەکارهێناون بەو بیانووەی کە لەلایەن ئایینەوە ڕێپێدراون ومافی بەکارهێنانی توندوتیژییان هەیە .
٧ـ (٥٢٪) شێوازی مامەڵەکردنی مێردەکان لەگەڵ ژنەکان باش نەبووە .
٨ـ (١٥٧) لێتوێژراوو بەڕێژەی(٥٢،٣٪)باوەڕیان وابووە کە مێرەکانیان لەڕێی پێگەیاندنە کۆمەڵایەتی بەتایبەتی پەروەردەی خێزانەکانیانەوە فێری بەکارهێنانی تەندوتیژی دژی ژن بوون.
٩ـ زۆربەی زۆری لێتوێژراوان باوەڕیان وابووە کەو ئەو توندوتیژییەی کە مێردەکانیان بەرامبەریان ئەنجامیانداوە وەکو ڕۆڵێکی نێرینە لەناو خێزاندا بووەو کەبەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ڕۆڵەیان پێداون و پیاو پیادەکردنی ئەو ڕۆڵەی بەمافی خۆی زانیوە.
١٠ـ (٨٧,٧٪)ی لێتوێژراوان باوەڕیان وایە کە بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان هەیە لە ئاڕاستەکردنی توندوتیژی دژی ژن .هەروەها هۆیەکانی ڕاگەیاندنیش هەمان ڕۆڵیان بینیوە لە هاندانی مێردەکانیان بۆ توندوتیژی (٦٦٪).
١١ـ زۆربەی زۆری لێتوێژراوان باوەڕیان وابووە کە یاساکان لەتوندوتیژی نایانپارێزێ، هەروەها وتوویانە کە بوونی شەڕ لەناو وڵاتداو نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کاریگەریی هەبووە لەسەر ڕەفتاری توندوتیژی مێردەکانیان کە بەرامبەریان کراوە.
١٢- (٧٩،٧١٪)ی لێتوێژراوان وتوویانە کە مێردەکانیان توندوتیژن لەگەڵیان لەبەرئەوەی نەخۆشن وکێشەی توندوتیژییان هەیە، (٤١٪)یان خۆیان ئازارداوە کاتێك ئەو توندوتیژییەیان لەگەڵدا کراوە.

بەشی دووەم

جۆرەکانی توندوتیژی، کاریگەریی توندوتیژی خێزانی لەسەر تاکەکانی خێزان، ئامارەکانی توندوتیژی خێزانی، فەراهەمکردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکەو خستەڕووی ئامانجەکان، پێشنیاز و ڕاسپاردەکان، سەرچاوەکانی توێژینەوەکە

باسی یەکەم/ جۆرەکانی توندوتیژی:

دەستپێك

توندوتیژیی بەهەموو جۆرەکانیەوە لەسەر هەموو ئاستەکان بەگشتیی و توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی بەتایبەتی کە زیاتر ڕووبەڕووی ژنان و منداڵان دەبێتەوە دیاردەیەکی بەربڵاوو کۆمەڵایەتییە، لە گشت نەتەوەو کۆمەڵگەکاندا هەیە، بەڵام لە ڕووی برو جۆرەوە ڕێژەییە وە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت، ، لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ی ساڵی ١٩٤٨ و بڕیاری (١٣٢٥)ی ئەنجومەنی ئاسایش بە گشتی کاریان دەکرد بۆ کەمکردنەوەی و هەر وڵاتەش بەگوێرەی ئاستی شارستانی و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی یاسای بۆ هەمان مەبەست دەرکردووە ، پەرلەمانی کوردستانیش یاسای بەرەنگاربوونەوەی تونوتیژیی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ دەرکردووە ، هەروەها لەهەموو شارەکانی هەرێم دادگای تایبەت و بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان دامەزراندووە بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایەو ڕاپەڕاندنی بڕیارو کاروبارەکانی دادگای نەهێشتنی توندوتیژیی خێزانیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەی توندوتیژیی بە گشتی و

توندوتیژیی خیزانی بە تایبەتی و توندوتیژی دژ بە مێینە بەتایبەتی تر لە هەرێمی کورستان بەرێژەیەکی بەرچاو هەیەو بەرەو زیادبوونە.
باسی یەکەم/ جۆرەکانی توندوتیژی
لەبەر زۆریی جۆری توندوتیژییەکان دابەش کراون بۆ سێ گروپ:
گروپی یەکەم/ توندوتیژی فیزیکی بریتییە لە:
١ـ خەتەنەکردنی مێینە.
٢ـ توندوتیژی جەستەیی.
٣ـ توندوتیژی سێکسی.
٤ـ کوشتن بە بیانووی شەرەف.
گروپی دووەم/ توندوتیژی دەروونی بریتییە لە:
١ـ توندوتیژی دەروونی.
٢ـ توندوتیژی دەروونی و سۆزداری.
٣ـ توندوتیژی تەندروستی.
٤ـ توندوتیژی زارەکی.
٥ـ توندوتیژی هێمایی.
گروپی سێیەم/ توندوتیژی کۆمەڵایەتی بریتییە لە:
١ـ توندوتیژی خێزانی، ئەمیش دابەشدەبێت بۆ:
أـ توندوتیژی هاوسەرگیری پێشوەخت
ب ـ توندوتیژی هاوسەرگیری فرەژنی و کاریگەرییە دەروونییەکانی
ج ـ توندوتیژی خێزانی بەرامبەر بە منداڵ
د ـ توندوتیژی باوك بەرامبەر بە منداڵەکانی.
هـ ـ توندوتیژی ژن بەرامبەر بە پیاو
گروپی یەکەم/ توندوتیژی فیزیکی:
١ـ خەتەنەکردنی مێینە:
خەتەنەکردن: وەك پێناسە کراوە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی FGM/C,WHO پێکدێت لە هەموو ڕێکارەکانی تایبەت بە لابردنی بەشێك یان تەواوی کۆئەندامی دەرەکی مێینە، یان هەر بریندارکردنێکی تری کۆئەندامی مێینە بە مەبەستێکی ناتەندروستی. لەڕوانگەی مافی مرۆڤەوە FGM/C بە شێوازێکی توندی ڕەگەزپەرستی دژی ئافرەت دادەنرێت سەرەڕای پێشێلکردنی مافەکانی منداڵ کاتێك بەرامبەر منداڵان ئەنجام دەدرێت، هەروەك دیارە ئەم کردەوەیە پێشێلکردنی مافی تەندروستی، ئارامی و جەستەی کەسەکەیە، مافی هەر تاکێك ئەوەیە دەبێت دووربێت لە ئازاردان و سزای توندی نامرۆڤایەتی یان مامەڵەی بەکەم زانین، تا بکرێت مافی ژیانی پێ بدرێت تاوەکو ئەنجامەکان نەبنەهۆی مردن (خانمان، ٢٠١٦ :٢١)
خەتەنەکردنی مێینە بریتییە لە: شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە : بریتییە لە لێکردنەوەی بەشێك یان هەموو ئەندامی زاوزێی دەرەکی مێینە بە مەبەستی ناپزیشکی. ئەمە دەستکاریکردنی وەزیفەی سروشتی جەستەیەو نەزانراوە هیچ سودیکی تەندروستی هەبێت.
٢ـ توندوتیژی جەستەیی:
توندوتیژی جەستەیی لەسەرجەم جۆرەکانی تر زیاتر ڕوودەدات یان تۆمار دەکرێت، گرنگترین شێوازەکانی بیرتییە لە: زلە لێدان. قژڕاکێشان، پیاکێشان ، دەست بادان، گازگرتن، پاڵپێوەنان، بریندارکردن بەچەقۆ یان فیشەك یان هەر ئامێرێکی تر، هەندێکجار هێندە توند دەبێت دەبێتە هۆی گیان لەدەستدان بەهۆی خنکاندن، بەکارهێنانی دەمانچە یان هەر چەکێکی تر بۆ کوشتن (حسن، ٢٠٢٠ :٢٢٠).
توندوتیژی جەستەیی : ئەو ڕەفتارەیە کە یەکێك لە ئەندامەکانی خێزان لە دژی ئەوی تر بەکاریدێنیت، بەچەند شێوەیەك وەکو:لێدان بەدەست یان بەهەر ئامێریکی تر،سوتاندن، پاڵپێوەنان وفڕێدان خنکاندن، بەندکردن لەماڵەوە، دەرکردن لەماڵ، بەشێوەیەکی گشتیی توندوتیژی جەستەیی دەکەوێتە نیوان خەتەنەکردنی کچان تادەگاتە کوشتنی(زەنگەنە، ١٩٩٩،ل٣١) وگومانی تێدانییە کەئەو جۆرە ڕەفتارانە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە،هەرەکو لەبەندی (٥)ی جاڕنامەکەدا هاتووە . (خضر، ٢٠٠٤ :٢٤)

٣ــ توندوتیژی سێکسی:
لەسادەترین پێناسەیدا دەستدرێژیکردنی سێکسی بەگشتیی بەوە پیناسە دەکریت کە:برتییە لە زنجیرەیەك وەرسکردن وسەرکردنەسەر یان بیزارکردن، کەمەبەست لێی بەدەستهێنانی دەستکەوت یان سودێکی جنسییە بێ ئارەزوکردن وویست وخواستی لایەنی دووەم ، کە دەشێت ئەوەش بە سەیرکردن وهێماکردنی وشە بەدەستی بهێنیت تادەگاتە دەست بۆبردن وکردارە هەستەوەرەکان،ودەشێت ئەو حاڵەتە لەنیوان پیاوو ژنیك ڕوودات، یان بەپێچەوانەوە ،یاخود لەنێوان هاوڕەگەز یان لەگەڵ منداڵدا بەدی بکرێت.(عەبدوڵا، ب س:٦)
توندوتیژی سێکسی بریتییە لە هەموو ئەو کردارانەی سروشتی سێکسیان هەیە، وەك توانج لێدان، گێچەڵی سێکیی کە جێگەی پەسەند نییە ، یان پڕۆسەکانی بازگانیکردن بە مرۆڤ یان هەر کردارو ڕەفتارێکی تر کە ئاراستەکرابێت وەك ئاماژە یان حالەتی سێکسی بۆ کەسێك بە زۆرداری لەلایەن هەر کەسیکی تر بەبێ ڕەچاوکردنی پەیوەندی یان پلەی خزمایەتی بە کەسی قوربانی لەهەر پێگە یان شوێنێك بێت.
پەیوەندی سێکسی لەگەڵ تاکی بەرامبەردا لەژێر ترس وهەڕەشەلێکردن، بەکارهێنانی زاراوەی نەشیاوی شیکسی بۆتاکە بەرامبەر، پشتگوێخستنی سێکس بەبێ هۆیەکی دیار، ناچارکردنی بە شیوازێکی پەیوەندی سێکسی کە مێینە حەزی پینەکات .(حسن،٢٠٢٠ :٢٢٠)
٤ ــ کوشتن بەبیانووی شەرەف پارێزی:
کوشتن بە بیانووی شەرەف توندترین شێوازی توندوتیژی جەستەییە کە بەرانبەر ئافرەتان ئەنجام دەدرێت، کە کەسێك یان یان زیاتر بە بیانووی گەڕانەوەی شەرەفی خێزانەکەیان ئەم کوشتنە ئەنجام دەدەن . کوشتنی ژنان لە کوردستاندا تا ئێستا بەرێژەیەکی بەرز هەیە و بەپێی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەداواداچوونی توندوتیژی لە وەزارەتی ناوخۆ لە ساڵی ٢٠١٠ دا ٥٣( ژن) کوژراون (خانمان، ٢٠١٧،ل٢٤)
کوشتن بە بیانووی شەرەف تاوانێکە ساڵەهای ساڵە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەناوی پارێزگاری لە شەرەف ئەنجام دەدرێت، تاوانێك ژیانی ژنان و کچانی پێ دەکوژێنرێتەوە، و تواناو ئامانج وخەونەکانی مێینەبوون دەباتە ژێر خاك، تاوانێك تا ئەمڕۆش بەشێك لە کۆمەڵگە دەستخۆشی بۆ بکەرانی هەیە، لەگەڵ ئەوەی یاسا سزای ڕوونی بۆ داناوە بەڵام بکەرانی لە زۆربەی کەیسەکاندا نادیارن یاخود دەستگیرنەکراون، تاوانێك سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوە، بەڵام بەداخەوە بەردەوامی هەیەو لە هەندێك کاتدا لە زیادبوونیشدایە. (سیوەیلی، ٢٠٢١ :١١)
بەپێی پێناسەی ڕیکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ، کوشتن بریتییە لە (تاوانەکانی شەرەف کە بە کردەی توندوتیژی کوشتن ئەنجام دەدرێت، زۆرجار لەلایەن پیاو لە خێزان ئەنجام دەدرێت بەرانبەر بە کچ یان ژنی خێزان، بە بیانووی ئەوەی ئابرووی خێزانیان لەکەدار کردووە). سیوەیلی، هەمان سەرچاوە :١٤
مەترسیدارترین فۆرمی توندوتیژیش بریتییە لە کوشتن بە بیانووی شەرەف، ئەوەش لەو ساتەدا ڕوودەدات کاتێك وا دادەنرێت، شەرەفی خێزان وبنەماڵە لەکەدار کراوە، ئەم دیاردەیە لە هەندێك حاڵەتدا پێشتر پلان بۆ جێبەجێکردنی دادەنرێت، زۆرکات لەلایەن دایباب، هاوسەر، برا یان خوشك، یان خزمی نزیکەوە ئەنجام دەدرێت وەك ڕێگایەك بۆ بەدەستهێنانەوەی شەرەفی خێزان لەنێو کۆمەڵگەدا کە پێشتر لەکەدار کراوە. نموونەیەکی تەواوی (تاوانی شەرەف)یش بریتییە لە کوشتنی ژنان لەلایەن باوك یان برایانەوە لەسەر ئەنجامدان یان گومانی ئەنجامدانی کردەی سێکسی پێش هاوسەرگیری یان لەدەرەوەی هاوسەرگیریدا (سیوەیلی، هەمان سەرچاوە :١٤)
گرووپی دووەم/ توندوتیژی دەروونی: (توندوتیژی دەروونی، توندوتیژی دەروونی کارگەریی، توندوتیژی دەروونی درەندەیی، توندوتیژی تەندروستی، توندوتیژی زارەکی، توندوتیژی هێمایی)
**٥ ــ توندوتیژی دەروونی و** سۆزداری: هەر کردارێك ببێتەهۆی ئازاری دەروونی بەبێ ئەوەی زیانی جەستەیی لێبکەوێتەوەوەکو:ووتەی نەشیاو، ناووناتورە، پشتگوێخستن، ڕێزنەگرتن، بەدگومانی، لۆمەکردنی بێبنەما، ترساندن، سوکایەتی پیکردن (حسن، ٢٠٢٠ ، ل.٢٢٠)
توندوتیژی دەروونی سوکترو کەمتر نییە لە توندوتیژی جەستەیی،کە دەبێتە هۆی برینداركردن وخوێن ڕشتن،هەروەکو پەندی پێشینان دەڵێ:(ساخ دەبن شوێنی خەنجەرا،لێ ساخ نابن شوێنی خەبەران) واتە برینی شوێنی خەنجەر سارێژدەبێت و چاك دەبێتەوە،بەڵام برینی دەروونی (مەبەست لە جنێودان وسوکایەتی پێکردن) کاریگەریی لەپاش خۆی بەجێ دەهێڵێ تیمارو چاك نابێتەوە.(عەبدولڕەحمان، ٢٠١٢: ٢٩).
٦ ــ توندوتیژی تەندروستی:
گرنگترین شێوازەکانی توندوتیژی تەندروستی بریتییە لە ڕێپێنەدانی پیاو بە ژنەکەی بە سەردانیکردنی پزیشك کاتی دووگیانی، ودوای منداڵبوون و ڕێگریکردن لێی بۆ سەردانیکردنی پزیشکی نەخۆشییەکانی ژنان بۆ

چارەسەرکردن، هەروەها بێبەشکردنی لە خواردنی باش وپێویست بۆ تەندروستی خۆیی وکۆرپەلەکەی و لێدانیشی.
دەتوانرێ توندوتیژی تەندروستی و هەروەها جیاکاریی ڕەگەزیش لەم خاڵانەدا زیاتر بخرێنەڕوو:
أ‌ـ لەمیانەی ماوەی دووگیانی و داوی منداڵبوون، ئەو باوکانەی کە حەز بە کوڕ دەکەن، زۆرجار کۆرپەلەی کچ تووشی مەترسی لەبارچوون دەکەن.
ب ـ کاتێك سەرچاوەی بەدەستهێنانی خۆراك دیاریکراو و کەمبێت ئەوا مێینەکان بەشیان کەمترو کەمتر دەخۆن.
ت مێینەکان بە شێوەیەکی گشتی زۆر گرنگییان پینادرێ لە بواری چاودێری تەندروستیدا و زۆرجار ناچار دەکرێن بە هاوسەرگیری پێش ووەختەو منداڵخستنەوەی زۆر بەبێ ڕەچاوکردنی ڕاو باری تەندروستی ژنەکە.
هەر لەبەرئەم هۆیانەو لە بواری توندوتیژی تەندروستی ژن دا ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی توندوتیژی وەك کێشەیەکی تەندروستی ناساندوە لەبەر پێکانە جەستەیی و دەروونییە جیاوازەکانی . توندوتیژی بە هەموو شیوازەکانیەوە دەبێتە هۆی شلەژان و تێکچوونی دەروونی وەکو خەمۆکی و دڵەڕاوکێ وهەست نەکردن بە ئەمان. ئەم لێکەوتانە دەگوڕی بۆ نەخۆشییە ئەندامییەکان وەکو ئەوانەی توشی تێکچوونی کۆئەندامی هەرس هەناسە دەبن ...تاد. هەروەها لێکەوتەی نەرینی تری دەبێ کە بەهۆیەوە منالەکانیش لەناو خێزاندا توشدەبن. (کرادشە،٢٠٠٩ :٣٦)
٧ ـ توندوتیژی زارەکی:
لە هەرە شێوازە باوەکانی توندوتیژییە، کە لەناو خێزاندا زۆر بڵاوەو زرۆیش بەکاردەهێنرێ، و لەڕێژەو ئاستەکانیدا جیاوازە، بەگوێرەی جیاوازی پاشخانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری ژن و مێرد، وتوندوتیژی زارەکی مەترسیدارترین جۆری توندوتیژییە لەسەر تەندروستی دەروونی ژن و مێرد و مناڵەکانیان هەرچەندە کە ئاسەوارێکی مادی ئاشکرای نییە کە بە چاو ببینرێ، توندوتیژی زارەکی خۆی دەبینێتەوە لە: قسەی ناشیرین وجوێن و سوکایەتی پێکردن ، بە تایبەتی کاتێك پیاو جنێوی ناشیرین وسوکایەتی بە ژنەکەی دەکات و لەبەرچاوی ئەوانی تردا دەیشکێنێ و هەستی بریندار دەکات و بەشانو باڵی ژنانی تردا هەڵدەدا و ژنەکەی خۆی بە کەمترو بەچاوێکی نزم سەیردەکات .(کرادشە،٢٠٠٩ :٣٥)
توندوتیژی زارەکی شێوەیەکی ترە لە شێوەکانی توندوتیژیی خێزانی،کە لەوانەیە ئەنجامدانی ڕۆژانە بێت، ئەم جۆرەیان بە توندترین شێوازەکانی توندوتیژیی دادەنرێت، لەبەرئەوەی کاردەکاتە سەر لایەنی دەروونی یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکە لە میانەی بەکارهێنانی وشەکان کە کەرامەتی مرۆڤە قوربانییەکە بریندار دەکات ولە کەسێتی کەمدەکاتەوە.(خضر، ٢٠٠٤ :٢٨)
جنێودانیش جۆرێکە لە توندوتیژی زارەکی و کارێکی ناجۆرو نابەرپرسانەیە و خراپ نێوەندە ئارامەکە دەشڵەقێنێت و دەیگۆڕێت بە بارگرژی و شەڕی زارەکی، بەزۆری کەسێکیش پەنا بۆ جمێن و وروووژاندنی بەرانبەر دەبات، کە خۆی مرۆڤێکی بێ دەرەتانە، بەڵگەی سەلمێنەر دەرهەق ناحەزەکەی گومان نابات، تاکو بیداتە ڕووی. هەروەك لە زامنی گوتوبێژو ئەرگیومەنتیش ناحاڵییە. مرۆڤی وروژێنەر، مەبەستی سەرەکی ئەوەیە، لە شان و شەوکەتی بەرانبەر کەم بکاتەوە. هەر بەوەندەی بەرانبەرەکەی بێدەنگیی هەڵبژارد، تۆپەکە دەخاتەوە گۆڕەپانی کەسی وروووژێنەر. لەو سۆنگەیەوە مرۆڤی پێ سەغڵەت دەبێت، جمێنیش دەچێتە خانەی توندوتیژی نواندنەوە. ئەوەندە هەیە توندوتیژییەکە جەستەیی نییە. جمێن وەك چۆن نیشانەی بێ دەرەتانی و مایەپوچییە، نیشانەی لەدەستدانی سیفەتی ددانبەخۆداگرتن و بەرپرسیارێتیشە. بەپێی ئەم پەندەبێت، تاکی کورد سوێی زامەکەی بیردەچێتەوە بەڵام داخی جنێوەکەی لە دڵ دەرناچێت. ئەمەش پێچەوانەی مگێزو بۆچوونی گەلانی پێشکەوتووی دونیایە (حەسەن، ٢٠١٢: ٦٠)

٨ ـ توندوتیژی هێمایی Symbolic Violence
یەکێکە لەو چەمکانەی کە تا ئێستا پێناسەیەکی گشتگیری بۆنەکراوە،گرنگترین ئەو زانایانەی کە گرنگییان بەبابەتی توندوتیژی هێمایی داوە زانای بەناوبانگ وکۆمەڵناسی فەرەنسی پیربۆردیۆ(١٩٣٠ـ٢٠٠٢)یە. بۆردیۆ چەمکی توندوتیژی هێمایی بەکارهێناوە بۆ ئاماژەکردن بەو ڕێگایەی زاڵە بەسەر شێوازو بیرکردنەوەی خۆی دەسەپێنێت، بەو پێیەی کە ئەم ڕێگایە تاکە ڕێگای ڕەوایە، ئەویش بە توندوتیژییەکی نادیار نەوەکو توندوتیژییەکی دیار (جاهل،١٩٩٤ ،ل. ١٠)
کەواتە بەڕای بۆردیۆ توندوتیژی هێمایی توندوتیژییەکی نافیزیکییە ، لەبنەمادا لەڕێگای ئامرازەکانی پەروەردەو فێرکردنی مەعریفەو ئایدۆلۆگیاوە ئەنجامدەدرێت،کە شیوەیەکی نەرم وهەستپێنەکراوی توندوتیژییە ،هەندێکجار

قوربانییانی ئەم توندوتیژییە خۆیان نابینن یان نادیارە، هەر لەدرێژەی بیرکردنەوەکانی بۆردیۆدا هاتووە کە توندوتیژی هێمایی لەسەر بکەرە کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێدەکرێت بە ڕەزامەندی وڕێکەوتنی خۆیان،زۆربەیان وەکو توندوتیژی دانیپێنانێن،بەڵکو ئەوان بە بەڵگەنەویستی وئاشکرای نێو ئامرازەکانی پەروەردەو بەکۆمەڵایەتیبوون وشێوەکانی گەیاندن لەناو کۆمەڵگادا دایدەنێن .

هەروەها بۆردیۆ پێیوایە هەر چالاکییەکی پەروەردەیی یان هەوڵێك بۆ سەپاندنی کولتوورێکی دیاریکراو جۆرێکە لە توندوتیژی هێمایی(هەمان سەرچاوە)

توندوتیژی هێمایی هیچ کردارێکی جێبەجێکردن لەخۆ ناگریت ، بەڵکو لە گاڵتەجاڕی وڕسوابووندا کورت دەبێتەوە و بەکارهێنانی شێوازێك مەبەست لێی سڕینەوەی کەسایەتی یان لاوازکردنی توانای جەستەیی یاخود عەقڵی قوربانییەکە دەگەیەنێ و دەبێتەهۆی ڕوودانی کاریگەرییەکی خراپ لەسەر بەردەوامبوونی لە ژیانیکی خۆش و ڕاپەڕاندنی چالاکییەکانی بەشێوەیەکی سروشتی (عەبدوڵا، ٢٠٠٨ ،ل. ١٩)

دەتوانرێت سیما جەوهەرییەکانی توندوتیژی هێمایی لەم سێ خاڵەدا کورتبکرێتەوە:

أ ـ توندوتیژی هێمایی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نافیزیکییە، هێماییە، نابینرێت و لەلایەن ئەنجامدەران و قوربانیانیش تا ڕادەیەك نادیارە.

ب ـ توندوتیژی هێمایی سەپاندنی کولتوورێکی دیاریکراوە، فۆرمێکی شەریعبوونی بە بەردابڕاوە.

ج ـ لەڕێگای دەزگاکانی پەروەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و هۆیەکانی پەیوەندی و گەیاندن لەناو کۆمەڵگەدا بەرجەستە دەبێت، بەشێوەیەك کە دەشێ چالاکییەکی پەروەردەیی و سەپاندنی بەهایەك بەسەر کەسێکدا توندوتیژی هێمایی لێدێتەئاراوە (عەلی، ٢٠١١ ،ل. ١٠).

گروپی سێیەم/ توندوتیژی کۆمەڵایەتی: (کۆمەڵایەتی، خێزانی، توندوتیژی بەرامبەر بەمنداڵ توندوتیژی پیاو بەرامبەر بە ژن، توندوتیژی باوك بەرامبەر بە کچەکانی، توندوتیژی برا بەرامبەر بە خوشك ، توندوتیژی ژن بەرامبەر بە مێرد، توندوتیژی وەزیفی، توندوتیژی ڕاگەیاندن ، توندوتیژی سیاسی )

٩ـ توندوتیژی کۆمەڵایەتی:

توندوتیژی کۆمەڵایەتی وەك کەمکردنەوەو تەسککردنەوەی ئازادی و مافە کۆمەڵایەتی ژنان لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە ئەمەش زیاتر لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکان بوونی هەیە کە ئافرەت بەهۆی کۆتکردنیەوە دەبێتە خاوەنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی خراپ لە کۆمەڵگادا و ناتوانێت بەپێی پێویست ڕۆڵی خۆی ببینێت. (کەریم و نوخشە، ٢٠١٠ ، ل. ٢٦)

توندوتیژی کۆمەڵایەتی وەکو: ڕیگرتن لە سەردانی کەسوکارو هاوڕیکانی، ڕێگرتن لە پەیوەندی کردن بە جیهانی دەرەوە، ڕیگرتن لە بڕیاردان، ڕێگرتن لە ئاخاوتن، جیاوازی کردن ونادادپەروەری لەنێوان منداڵی نێرو مێ، ڕیگرتن لە خوێندن. (حسن، ٢٠٢٠ ،ل. ٢٢١)

١٠ ـ توندوتیژی خێزانی:

ئەم شێوازە لە توندوتیژی دژی ژنان دەچێتە بواری تاوانەوە کە بە نهێنی وشاراوەیی دوور لەچاوی خەڵکی ئەنجامدەدرێت، وزۆرجار هەواڵی ئەم تاوانە باسناکرێت و بڵاوناکرێتەوە و بەشاراوەیی لە دڵی قوربانییەکەو باوەشی خێزانەکەدا دەمێنێتەوە، یان بەهۆی فشاری داب و نەریتی کۆمەڵایەتی یان ترس لە بەهەڵە تێگەیشتن و بەهەڵە لێکدانەوە یان بەهۆی بێدەنگی قوربانییەکە لەژێر کاریگەریی شەرم و حەیاو تۆڵەسەندنەوەدایە (دزەیی، ٢٠٠٧ ، ل. ١٠٣)

١١ ـ توندوتیژی هاوسەرگیری پێشوەخت:

مەبەست لە هاوسەرگیری پێشوەخت هاوسەرگیریکردنە بەرلەوەی بگاتە تەمەنی یاسایی (١٨) ساڵ، لەم بوارەدا سێ جۆر تەمەن هەیە : تەمەنی بایۆلۆجی، تەمەنی یاسایی، تەمەنی کۆمەڵایەتی، هاوسەرگیری پێشوەخت یەکێکە لە کێشە خێزانییەکان و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیشە، ڕەگوڕیشەیەکی قووڵی مێژوویی وکۆمەڵایەتی هەیە، واتە لەخۆڕا نەهاتوتەکایەوە ، بەڵکو چەندەها هۆکارهەن بوونەتەهۆی درێژەپێدانی لەگەڵ ئەوەی کە چەندەها زیانی هەیە، گرنگترین ئەو هۆکارانەش بریتیین لە: خوونەریت و ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی، ژینگەی جوگرافی، جۆری گوزەران و پیشە، هەستکردن بە ئابرووچوون و ترس لە شەرەف، هۆکاری ئایینی، هۆکاری ئابووری و سیاسی، نزمی ئاستی خوێندەواریی، لاوازی جێبەجێکردنی یاساو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، توندوتیژی خێزانی (اسود و لوقمان، ٢٠١٦ ، ل. ٢٣).

توندوتیژی خێزانی یەکێکە لە هۆکارەکانی هاوسەرگیری پێشوەخت، ئەو خێزانانەی کە توندوتیژییان تێدایە پڕن لە ئاژاوەو خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و تێکچوونی دەروونی، کە دەبێتەهۆی تێکچوونی ژینگەی دروستی خێزانی وئارامی و جێگیربوون، و لەپێناو ڕزگاربوون لەوانە هەندێ لە کچان پەنادەبەنەبەر هەڵبژاردنی هاوسەرگیری پێشوەخت، لەمیانەی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی مەیدانی لەناو ئاوارەکانی عەربەت و ئاشتی لە ساڵی ٢٠١٦ دا (٢١٤٦) هاوسەرگیری تیایاندا ئەنجامدراوە ، لەوانە (٨٢٠) حاڵەتیان وبەڕێژەی (٣٨،٢٦٪) حاڵەتی هاوسەرگیری پێشوەخت بووە (هەمان سەرچاوە).

ڕێکخراوی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە سلێمانی هەستا بە ئەنجامدانی ئامارێك لە قەزای پشدەری سەر بە پارێزگای سلێمانی بۆ حالەتەکانی هاوسەرگیری پێشوەخت ، ئامارەکە لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە ١٧ لە ٢٠٠٦/٥/٢ بڵاوکراوەتەوە ، دەرکەوت کە ٣٣٣٨ حالەت هەبووە، ئەمە دیاردەیەکی زەق و دیارەو بەگژاچوونەوەی هەموانە (کۆمەڵگا، یاسا، شەریعەت، حکومەت، حزبی سیاسی، دادوەر) و بە دڵنیاییەوە ئەم ژمارەیە تۆقینەرو ناخ هەژێنە لەلایەك و ئەنجامدانی توندوتیژییە دژی مینەی بێدیفاع کە لە تەمەنی منداڵیدا بەشوو دەدرێت، کە هیچ دەسەڵاتی نییەو ناتوانێ داکۆکی لەخۆی بکات ، وئەمە دەگۆڕێت بۆ مەتەڵێك بۆ چارەسەر دەگەڕێ وپرسیارێك بەبێ وەڵام (دزەیی، ٢٠٠٧ ، ل. ١١٤)

هەر سەبارەت بە بوونی هاوسەرگیری پێشوەخت لە کۆمەڵگادا ئارام تۆفیق حەمەو ئەوانی تر لە ڕێکخراوی گەشەپێدانی خەڵك توێژینەوەیەکی مەیدانیيان لە هەردوو کەمپی ئاوارەکانی تازەدێ و قۆرەتوو کە سەر بە هەردوو قەزای کەلار و خانەقین بەناونیشانی(آثار الزواج المبكر عند الفتيات في المجتمع العراقي) ئەنجامداوە، دەرکەوت: ئەو ژنانەی کە نیشتەجێ هەردوو کەمپەکەن ژمارەیان (٧٨٠) ژنەو لەکۆی ئەوان (١٦٥) ژنیان و بەڕێژەی (٢١،١٪) هاوسەرگیری پێشوەختییان کردووە، وتووشی چەندەها نەخۆشی جەستەیی و دەروونی و کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی بوونەتەوە، لەوانە: ڕێژەی حاڵەتەکانی لەباربردنی منداڵ لەناویان گەیشتۆتە (٤٦،١٪) لەکۆی گشتی کۆمەڵگای توێژینەوەکە (حەمە و ئەوانی تر، ٢٠٢٠، ل. ١٠٥).

١٢ ـ توندوتیژی هاوسەرگیری فرەژنی:

هاوسەرگیری فرەژنی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو لە هەمان کاتیشدا یەکێکە لە کێشە خێزانییەکان و توندوتیژی دەروونییە بەرامبەر بە ژن ، لە هەرێمی کوردستان بە یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٨ی هەماور کراو لە ماددەی سێیەم بڕگەی (٣)دا ڕێگریی لە ئەنجامدانی فرەژنی کردووە مەگەر بەچەند مەرجێك نەبێت کە گرنگترینیان بریتییە لەڕەزامەندی هاوسەری یەکەم، هەروەکو لە بڕگەی (أ)ی مادەکەداهاتووە: "لەبەردەم دادگا ڕەزامەندی هاوسەری یەکەم لەسەر ژن هێنانی دووەمی مێردەکەی وەربگیرێ".

کاتێك پیاو ژنی دووەم دەهێنێت لەژێر ناونیشانی هەر بەهانەیەکدا بێت کە خۆیی و دەوروبەری پێ ڕازی دەکات، ئەگەر هێشتا ژنی یەکەمیشی خۆش بوێت و ئامادە نەبێت دەستبەرداری بێت، بێگومان پەوەندی نێوانیان هەر تووشی تێکچوون دەبێت، چونکە ئەو هەستەی کە هێزو توانا بەلایەنی سایکۆلۆژی پیاوەکە بەهەمان شێوەش ژنەکەش دەبەخشێت و وایان لێدەکات هەریەکەیان هەست بکات ئەو ژنەی پیاوەکەی ژنی بەسەردا دەهێنێت، دەروون و کەرامەت و هەستی بریندار دەبێت و زامێکی نارسیزمی قوڵ لەلای بەجێدەمێنێت، هەست بەبێ بەهایی و بێ نرخی و سووکی دەکات و چەندەها لێکدانەوە مێشکی چەنجاڵ دەکەن، لەخۆی دەپرسێت تۆبڵێی چی دی منی خۆشبوێت؟ یان گومانی لادروست دەبێت هەر لە بناغەوە خۆشی نەویستبێت، دەترسێت لەوەی بەیەکجاری دەستبەرداری بێت و لە چارەنوسی خۆی و منداڵەکانی نیگەران دەبێت، ئەو ژنەی هەست دەکات پیاوەکەی ژنی بەسەردا دێنێت، سەرەتا تووشی دڵەڕاوکێ و گومانێکی کوشندە دەبێت، کە هاوکاتە لەگەڵ تووڕەبوون و شەرفرۆشتن بە هەموو شێوەیەك و بە هاوسەرەکە و بە منداڵەکانی و تێکچوونی باری جەستەیی ودەروونی وڕووخانی ورەو متمانە بەخۆنەکردنیخواستراوو داواکراوو خۆشویست بن، تووشی هەرەس دەبێت. ، ئەگەر کتوپڕیش ببیستێت کە هاوسەرەکەی ژن دەهێنێت یان هێناویەتی، ئەوا تووشی شۆك دەبێت و دوورنییە کاریگەریی دەروونی وجەستەیی خراپی لێنەکەوێتەوە، چونکە مرۆڤ بە سروشتی خۆی دەشێت بتوانێت لە کەلوپەلە ماددییەکاندا بەشداری کەسانی دیکە بکات و ڕێکەوتنی تەواویش لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام بەشداریکردن لە سۆزو پەیوەستی هاوسەرێتی و جێگەی نوستن وخۆشەویستیدا مەحاڵە، ئەو ژنەی کە هاوسەرەکەی ژنی بەسەردا دەهێنێت دووچاری زۆر کێشەی دەروونی دەبێت کە زۆرجار لەشێوەی نەخۆشی جەستەییشدا دەردەکەون وێرای حاڵەتە دەروونییەکان (جەمال، ٢٠١٣ ، ل. ١٤٨).

١٣ ـ توندوتیژی خێزانی بەرامبەر بە منداڵ:

دەتوانین بڵێین لە کۆمەڵگای کوردستانیدا ، توندوتیژی خێزانی بەرامبەر بە منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری پەروەردەیی و لە ئاستێکی زۆر بەرزیشدایە، یەکێ لەو لیکۆڵینەوانەی کە لە شاری هەولێرو شاری دهۆك ئەنجامدراوە لەساڵی ٢٠٠٦ بەڕێژەی (٩٥٪) دایك وباوکانی بەشداربوو لەشاری دهۆك بڕوایان بە بەکارهێنانی توندوتیژییە لە پەروەردەکردنی منالەکانیان ، هەروەها بەڕێژەی (٨٣٪) دایك و باوکانی بەشداربوو لە شاری هەولێر بڕوایان بە بەکارهێنانی توندوتیژییە لە پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان .(عەبدولرەحمان، ٢٠١٢ :٣١)

١٤ـ توندوتیژی ژنان بەرامبەر بە پیاوان:

لە یاسای بەرنگاربوونەوەی توندوتیژیدا کە پیشتر ئاماژەی تەواوی پێدراوە ، ئەنجامدانی توندوتیژی لە هەردوو ڕەگەزەکە قەدەغەکراوەو تاوانەو سزای بۆ دانراوە. هەربۆیەو لەبەر ئەو مەبەستانە لێرداو لە جۆری توندوتیژییەکاندا ، توندوتیژی ژن بەرامبەر بە پیاو لە چوارچێوەی خێزاندا دانراوە.

توندوتیژی دژی پیاوان ئەو کردەوەو ڕەفتارانەن کە لە دژی پیاوان دەکرێت، بەشێوەیەکی گشتی پیاوانی قوربانی توندوتیژی کەمن، بەوشێوەیەی زۆرجار پیاوان خۆیان توندوتیژی ئەنجام دەدەن، ئەوەی شایانی باسە توندوتیژی سێکسی دژی پیاوان لەهەر کۆمەڵگایەگ بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بە بەراوەرد بە توندوتیژی پیادە کراو بەرامبەر بە ژن. و زۆرجار لەیاسای نێودەوڵەتی دانییێدانانرێت. توێژەر لە بواری یاسای نێودەوڵەتی (سولانج موزان) دەلێت: یاسا سیناریۆکانی ململانێ و توندوتیژی سێکسی دژی پیاوان فەرامۆش دەکات، بەرامبەر بەوە فۆکەز دەخاتە سەر توندوتیژی بەتایبەتی سێکسی دژی ژنان و مناڵان (ویکیپیدیا).

بە وتەی ڕۆژنامەنوس مارتن دوبنای : ( تائێستاش تیۆرەیەك هەیە دەلێێت پیاوان توندوتیژییان بەرامبەر ناکرێت، ئەویش بەهۆی کلتووری نێرسالارییەوە) بەڵام لە ڕاستیدا ئەم تیۆرە هەڵەیە، ژمارەی فەرمی کە لە شانشینی یەکگرتوو دەرچووە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە(٥٠٪)ی کردەوە توندوتیژییەکان دژی ژنە، بەرامبەر بەوە (١٠٪)ی توندوتیژییەکان لەلایەن مێینەکانەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام زۆر بەدەگمەن ڕاپۆرتی ڕووداوەکان بۆ دەسەڵاتداران بەرزدەکەنەوە، هۆیەکەشی ترس و شەرمە لە چەمکی پیاوەتی، واتە شەرمە پیاو توندوتیژی بەرامبەر بکرێت. ئەوەی شایانی باسە (١،٩) ملیۆن کەس کە تەمەنیان لەنێوان (١٦ـ٥٩) ساڵیدابووە لە بەریتانیاو وێڵز توشی توندوتیژی بوون ، یان بەلایەنی کەمەوە قوربانییانی توندوتیژی خێزانی بوون، و (٧٩٪) لەوانە لەلایەن هاوبەشی ژیانی ئێستا یان ڕابوردوویان بووە، و لەوانە نزیکەی (١،٢) ملیۆنیان مێینە بوون بەرامبەر بە (٧١٣٠٠٠) لەنێرینە، ڕاپۆتێکی کەنەدی تر تیایدا هاتووە (٢٢٪)ی پیاوان قوربانییانی توندوتیژی نێوان ژن و مێردن، و توێژەرەکان لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەشیان بەوەداوە کە توندوتیژی سێکسی (گەورە) لەلایەن ژنانەوە دژی پیاوان ئەنجام دەدرێت، بەڵام ناخرێنە بەرباس و دانیانپێدانانرێت (ویکیپیدیا).

یەکێتی پیاوانی کوردستان/مەکتەبی سکرتاریەت ساڵانە ئاماری ئەو توندوتیژییانە دەخاتەڕوو کە لەلایەن ژنانەوە بەرامبەر بە پیاوان ئەنجامدراوە، توێژەر دوای سەردانیکردنی یەکێتی ناوبراو ئاماری ساڵی (٢٠٢٢)ی لیوەرگرتن و لێرەدا وەکو خۆی بەبێ دەستکاری دەیخەینە ڕوو:

بابەت/ ئاماری توندوتیژی ساڵی ٢٠٢٢

بەپێی لیژنەی تۆمارکردنی کەیسەکان ساکاڵاو توندوتیژی (٥٣٤) جۆری سکاڵاو ئاماری خۆکوشتنی پیاوان لە کوردستان (٦٥) حاڵەت، ئاماری کوشتنی پیاوان لەلایەن ژنانەوە بەهاوکاری کەسانی تر (٥) حاڵەت، دابەشبوونی جۆرەکانی سکاڵاو توندوتیژی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ـ دەرکردنی پیاوی بەتەمەن (٣٧) حاڵەت.

ـ خیانەتی هاوسەرگیری (٤٥) حاڵەت.

ـ توندوتیژی جەستەیی (٩) حاڵەت.

sjh@univsul.edu.iq

ـ تەداخولی کەسوکاری خێزان لەژیانی هاوسەرگیریدا (١٩٣) حاڵەت.
ـ فشاری دەروونی و سێکسی (١٢) حاڵەت.
ـ دەستبەسەراگرتنی مووچە (٨) حاڵەت.
ـ دەست بەسەراگرتنی منداڵ یان بێبەشکردنی باوك لە بینینی مناڵەکەی (٢١٣) حاڵەت.
ـ هەڕەشەی میدیایی و ئەلکترۆنی و ناوزڕاندن (١٧) حاڵەت.
ئاماری دابەشبوونی خۆکوشتنی پیاوان کە (٦٥) حاڵەت لە ساڵی ٢٠٢٢ دا بەم جۆرە دابەش بووە لە کوردستان:
ـ پارێزگاری هەولێر و شارۆچکەکانی (٢٣) حاڵەت.
ـ پارێزگاری سلێمانی و شارۆچکەکانی (٢٦) حاڵەت.
ـ پارێزگای دهۆك (٨) حاڵەت
ـ پارێزگای کەرکوك (٦) حاڵەت.
ـ پاریزگای هەڵەبجە (٢) حاڵەت.
١٥ـ توندوتیژی برا بەرامبەر بە خوشك:
فۆڕمێکە لە فۆرمەکانی توندوتیژی خێزانی کە هەموو جۆرە ڕەفتارە شەڕەنگێزان دەگرێتەوە، کە برا ئەنجامی دەدات بەرامبەر خوشك لەناو خێزاندا بەجۆرێك ئاشتی و تەبایی خێزان دەشێوێنێت و خوشك زەرەرمەند دەبێت لەلایەنی جەستەیی و دەروونی و ئەم توندوتیژییە بە مەبەستێك ئەنجام دەدرێت ئیتر پاساویان هەبێت یاخود نا، ئەم دیاردەیە کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی بەدوای خۆیدا بۆ خێزان دەهێنێت کە هەموو ئەندامان تێیدا زەرەرمەندەبن (کەریم و نوری، ٢٠١٠ :٢١)
باسی دووەم: کاریگەریی توندوتیژی خێزانی لەسەر ئەندامەکانی خێزان
کاریگەرییەکانی توندوتیژی لەسەر خێزان:
توندوتیژی خێزانی کێشەیەکە لە کێشە سەرەکییەکان کە لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا سەریهەڵداوە، وشیوازەکانی توندوتیژی لەناو خێزاندا جیاوازو جۆراو جۆرن لەسەر ڕەفتار بەگشتی و لەسەر منداڵ یان لەسەر تاکەکان. توندوتیژی خیزانی لە دەوڵەتە جیاوازەکاندا بڵاوە ، هەروەها لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا، و زۆربەی ئەو توندوتیژییانە بەرامبەر ژن و منداڵ ئەنجام دەدرێن، بەڵام توندوتیژی دژی پیاو زۆر دەگمەنە . هەرچەندە توندوتیژی خێزانی بوونی هەبووە لە گشت کۆمەڵگاکاندا و لەنێو گشت چینەکاندا و هەروەها لەسەرەتای سەرهەلدانی سیستمی خێزانیدا هەبووە ، بەڵام گرنگی بەم بابەتە نەدرا هەتا دوای جەنگی جیهانی دووەم نەبێت . وبەهۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوە ژنانییەکان و بزوتنەوەی داواکاری مافی ژن (محمد، ٢٠١٣ :٧٦)
بچنە هەر ژووریکی تیمارکردن ، تێبینی بکەن کێ دێت بۆئەوێ، جوان سەرنج لە برینەکانیان بدەن، لە پەڵەو شکاوی ئێسکیان بدەن، یان سەرنج لەو هەموو هەوڵی خۆکوژی وبرینانەی بەهۆی چەقۆ وەشاندن و فیشەکەوە دروستبوون بدەن، ئەم کارانە کەسانێك دەیکەن کە یەکتربیان خۆشدەوێت ، باوکێك یان دایکێك پەلاماری منداڵەکەی دەدات، مێردێك دەستدرێژی دەکاتە سەر ژنەکەی، کوڕیك پەلاماری کچە هاوڕێکەی دەدات... هتد (دلتاڤۆ، ٢٠٠٢ :٥)
توندوتیژی خێزانی هۆیەکی سەرەکییە بۆ مردن و پێکان و توشبوون بە پەککەوتەیی ژنان و کچان لە تەمەنی ١٦ ـ ٤٤ ساڵی ، هەروەها حاڵەتەکانی مردن و پێکان کە کاریگەریی لەسەر تەندروستی هەیە زیاترە لە حاڵەتەکانی توشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجەو ڕوداوەکانی هاتوچۆ. ئەنجومەنی ئەوروپا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە جیهان لە (٦٠) ملیۆن مێینەی لەدەستداوە کە دەکرا لە ژیاندا بوونایە بەهۆی نەشتەرگەری کۆرپەلەی کچ وکوشتنی کچە تازە لەدایکبووەکان . وتەبێژی نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەت بە قوربانییانی توندوتیژی خێزانی ڕایگەیاندکە: (٨٥٪)ی قوربانیانی توندوتیژی خێزانی لە ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە لە ساڵی ١٩٩٩ (٦٧١١١٠)بە بەراورد بە (١٢٠١٠٠ لە پیاوان) . دەسەڵاتدارانی ڕوسیا لە ساڵی ٢٠٠٢ ڕایانگەیاند کە (١٤) هەزار ژن لەسەر دەستی مێردەکانیان و خزمەکانیان تیادەچن ـ دیارنامێنن، ئەمەو (٥٠) ئەندام پەرلەمان پرۆژەیەکی یاساییان پێشکەش کرد بۆ چارەسەری توندوتیژی لە چوارچێوەی خێزاندا بەڵام کارگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو ، ولە توێژینەوەیەکی نوسینگەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەشی گەشەپێدانی ژنان ئاماژە بەوە دراوە کە ژنان هەمیشە توشی توندوتیژی دەبنەوە ،

لەباکوور و باشور لە وڵاتە پیشەسازییەکان لەهەر (٤) ژن ژنێك توشی توندوتیژی دەبێت لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە (دزەیی ، ٢٠٠٧ :١١٣-١١٤)
توندوتیژی خێزانی هەندیکجار دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی خێزانەکە، کە چەندەها کێشەی لێوە دروست دەبێت، وەك پەرتەوازەبوون ودابڕانی منالآن لە خوێندن و بێلانەیی و کارکردنیان ، کە ئەمیش یەکێکە لە پێشێلکارییەکانی مافەکانی منالّ.
کاریگەرییەکانی توندوتیژی خەتەنەکردنی مێینە:
عزالدین عبداللە یاسین ڕاوێژکاری یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە کتێبەکەی (خەتەنەکردنی مێینە لە شەریعەت و یاساد) سەبارەت بە زیانە تەندروستییەکانی خەتەنەکردنی مێینە نوسیویەتی: گرنگترین ئەو نەخۆشییانەی لەدەرئەنجامی خەتەنەکردنی مێینە دەکەوێتەوە، کە زانستی پزیشکی هاوچەرخ دۆزیویەتیەوە، لەدوای پێشکەوتن و پەرەسەندنی زانستی پزیشکی و دۆزینەوەی میکرۆب و نەخۆشییە ترسناکەکان بەهۆی ئامێری تەکنەلۆژیای سەردەمیانە، بۆ پزیشکان و تایبەتمەندانی بوارەکە ئەو نەخۆشییانە بەدەرکەوت کە لەدەرئەنجامی خەتەنەکردنی مێینە دەکەوێتەوە، بێگومان خەتەنەکردنی کچان چەندین زیانی جەستەیی و دەروونی لەسەر تەندروستی هەیە و کاردانەوەیەکی خراپ و کتوپڕی کورت خایەن و درێژخایەنی هەیە، کە هەندیکجار دەبێتەهۆی مردنی منالّ، لەوانەش:
١ـ ئازاریکی زۆری کتوپڕ.
٢ـ خوێن بەربوون کە هەندێکجار دەبێتە هۆکاری مردن یان چارەسەرکردنی پێویست بە نەشتەرگەری دەکات.
٣ـ دەردە کۆپان (نەخۆشی کزاز)
٤ـ کەمبوونەوەی پیتاندن کە هەندێکجار دەگاتە نەزۆکی.
٥ـ ڕوودانی ئازارێکی زۆر لە کاتی جوتبوونی هاوسەریەتی.
٦ـ کەمبوونەوەی هەستی چێژوەرکرتن لە سێکس.
٧- زۆربوونی ئەگەری مردنی دایکان لەکاتی منالّبوون و زۆربوونی ئەگەری مردنی منالّ لەکاتی لەدایکبوون.
٨ـ ئازاری بەهێز لەکاتی سووڕی مانکانە.
٩ـ دووبارەبوونەوەی هەوکردنی میزڵدان و دزەکردنی میز.
١٠ـ هەڵاوسانی پێست و کێم و دیاربوونی شوێنی برین لەپێستدا.
١١ـ ئەگەری زۆربوونی تووشبوون بە نەخۆشی (الناسور).
١٢ـ ئەگەری توشبوون بە نەخۆشی (ئایدز) لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەی لە کردارەکەدا بەکار دەهێنرێت (یاسین، ٢٠١٦ ، ل٥١)
کاریگەریی توندوتیژی لە سەر مندالّ :
ئەنجامدانی توندوتیژی پیاو بەرامبەر بە ژنەکەی لەناو خێزانەکەیی و لەبەرچاوی منالەکانی ، بە دڵنەواییەوە کاردانەوەی دەبێت لەسەر بونیادی خێزانەکە لەلایەك و لەسەر منالەکان لەلایەکی ترەوە، وبەهۆیەوە ژیانی ئاسایی ناو خێزانەکە تێکدەچێت و دەبێتە بەربەست لەبەردەم کارلێکردنی ئەندامەکانی و بەتایبەتی پەیوەندی منالّەکان لەگەڵ دایك و باوکیان ، ئەمە سەرەڕای زاڵبوونی کەشێکی نائومێدی و ڕەشبینییان بۆ ژیانی داهاتویان. لەلایەکی ترەوە کاریگەرییەکانی توندوتیژی خێزانی بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەر منالّەکان، ئەوان زەرەرمەندی یەکەمن لەنێوان بازنەی توندوتیژی نێوان باوکان و دایکان، کە بەهۆیەوە منالّەکان هەست بە نەمانی ئاسایش و جێگیرنەبوونی ژیانی خیزانی دەکەن، کە خراپترین وێنە لەلای منالّەکان بینینی توندوتیژی نیوان باوکیان و دایکییانە و بەشێوەیەك لە هەست و نەستییان جێگیردەبێ لابردن و لەبیرچوونەوەی زۆر ئەستەمە، ئەو منالانەی لەم جۆرە ژینکە خێزانییەدا دەژین و گەورەدەبن کاردەکاتە سەر کەسایەتییان و کەسایەتییەکی لاوازو بڕوابەخۆنەبوون و ڕوانینی ڕەشبینانە دەبێ بۆ دواڕۆژی ژیانی هاوسەرگیری خۆیان (محمد، ٢٠١٣ :١٢٠)
ئەو زیانە جەستەیی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییانەی، کە لە ئەنجامی توندوتیژییەوە بەر ژنان و منالان دەکەون، ڕاستەوخۆ کار لە کۆمەڵگاش دەکەن، ئەم قوربانییانەی توندوتیژی سەرمایەی مرۆیی کۆمەڵگان و زیانگەیاندن بەوان زیانگەیاندنە بە کۆمەڵگا ، چونکە منالّەکان توندوتیژی لە کۆمەڵگادا بەرهەمدەهێننەوەو ژنەکانیش دەبنە ئەندامێکی ناچالاك، سست و کەمبەرهەم (مستەفا، ٢٠١٢ ، ل. ٦٣).
باسی سێیەم/ ئامارەکانی توندوتیژی خێزانی بە گشتی و توندوتیژی دژی مێینە بەتاییەتی

sjh@univsul.edu.iq
SJH p-ISSN: ١٨١٣-٠٨٥٢, e-ISSN: ٢٦١٧-٣٠٣٤

ئاماری سکاڵاکردن لە توندوتیژی خێزانی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان سەر بە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگیراون و لەم خشتەیەدا خراونەتە ڕوو.

خشتەی ژمارە (١)

ئامارەکانی توندوتیژی

| ز | بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان | سکاڵا تۆمارکردن | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ساڵەکان | | | | | | | | | | | | | |
| | | ٢٠١٠ | ٢٠١١ | ٢٠١٢ | ٢٠١٣ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | ٢٠٢٢ | کۆی گشتی |
| ١ | هەولێر | ١١٢٣ | ٩٨٣ | ١٢١٣ | ١٥٤٨ | ٢٤٦١ | ٢٧٩٦ | ٢٦١٠ | ٣٠٩١ | ٣٣٦٩ | ٤٤٩٤ | ٤٣٩٢ | ٦١٧٦ | ٦٥٠٧ | ٤٠٧٦٣ |
| ٢ | دهۆك | ٥٦١ | ٦٥٦ | ٧٠١ | ١٢٢٥ | ١٦٨٦ | ١٩٩٩ | ١٨٤٢ | ٢٣٣٢ | ٢٤٨٦ | ٢٤٤٩ | ٢٢١٧ | ٣١٥٦ | ٤٢٥٥ | ٢٥٦٥٦ |
| ٣ | سلێمانی | ٥١٩ | ٧٢٥ | ١٢٤١ | ١١٠٧ | ١٠٧٠ | ١١٥٤ | ٨٥٢ | ١٩١٢ | ١٩٠٩ | ٣١٢٧ | ٢٢٩٠ | ٣٢١٠ | ٣٨٢٣ | ٢٢٩٣٩ |
| ٤ | گەرمیان | ٢٨٢ | ١٧٤ | ٢٣٤ | ٥٠٦ | ٩٠٠ | ٧٧١ | ٦٥٤ | ٨٧٠ | ٩٩١ | ٩٨٩ | ٨٩٨ | ١١١٣ | ١٠٥٥ | ٩٤٣٧ |
| ٥ | ڕاپەڕین | – | – | – | ٣٤٩ | ٣٦٧ | ٥٢٣ | ٤٠٣ | ٤٨٦ | ٥٢٣ | ٥٧٩ | ٣٤٢ | ٤٤٧ | ٦٢٤ | ٤٦٤٣ |
| ٦ | سۆران | – | – | – | | ١٨٩ | ١٩٣ | ٢١٦ | ٢٧٩ | ٢٩٠ | ٢٦٩ | ٢٣١ | ٣٤٧ | ٣٤٠ | ٢٣٥٤ |
| | کۆی گشتی | ٢٤٨٥ | ٢٥٣٨ | ٣٣٨٩ | ٤٧٣٥ | ٦٦٧٣ | ٧٤٣٦ | ٦٤٠٨ | ٨٩٧٠ | ٩٥٦٨ | ١١٩٠٧ | ١٠٣٧٠ | ١٤٤٤٩ | ١٦٦٠٤ | ١٠٥٧٩٢ |

١ـ لەمیانەی وردبینیکردنی خشتەی (١)و سەبارەت بە سنووری پارێزگای هەولێر و لەماوەی (١٣) ساڵدا، واتە لە (٢٠١٠ـ ٢٠٢٢) ژمارەی تۆمارکردنی ڕووداوەکانی توندوتیژی خێزانی زیادی کردووە و لەساڵی (٢٠٢٢)دا گەیشتۆتە (٦٥٠٧) ڕووداو. ولەو ماوەی (١٣)ساڵەدا گەیشتۆتە (٤٠٧٦٣) ڕووداوی توندوتیژی و بەرێژەی (٣٨،٥٣٪)دا لەکۆی تۆماری هەر (٦) بەڕێوەبەرایەتییەکە کە دەکاتە (١٠٥،٧٩٢) ڕووداو.

٢ـ ئەوەی جێی سەرنجە ژمارەی سکاڵا تۆمارکراوەکانی سنووری پارێزگای دهۆك و سلیمانیە، کۆی سکاڵا تۆمارکراوەکانی دهۆك (٢٥٦٥٦) و بەرێژەی (٢٧،١٤٪)و سلێمانیش (٢٢٩٣٩) ڕووداوو بەرێژەی (٢١،٨٣٪). بەو پێوانەیەش ڕووداوە تۆمارکراوەکانی دهۆك (٢٧١٧) ڕووداو زیاترە لە سلێمانی، هەرچەندە ڕووداوەکانی سلیمانی خۆشی بەبەراورد بە سالەکانی پێشووتری خۆی زیادی کردووە.

٣ـ بەڵام ڕێوەبەرایەتییەکانی ڕاپەڕین، سۆران لە ساڵەکانی (٢٠١٠، ٢٠١١) دانەمەزراون.

شێوازەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان ـ ژنان لە هەریمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٨)ڕوویانداوەو لە بەڕیوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و خێزان لە (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، گەرمیان، ڕاپەڕین، سۆران) تۆمارکراون، بەهاوکاری ڕیکخراوی ( UNFPA – United nation population fund – Iraq).

خشتەی ژمارە (٢ )

شێوازی سکاڵاکان

| ز | جۆری توندوتیژی | دوویارەبووەکان | % |
|---|---|---|---|
| ١ | هەڕەشەکردن | ٢٦٤٢ | ٪٢٧,٦١ |
| ٢ | لێدان | ١٧١٩ | ٪١٧،٩٦ |
| ٣ | شەڕکردن | ١٤٧٩ | ٪١٥،٤٥ |
| ٤ | بیزارکردنی جەستەیی/ بەزۆر سەرجێێ کردن | ٤٤٠ | ٪٤،٥٩ |
| ٥ | ئابووری | ٣٧٧ | ٪٣،٩٤ |
| ٦ | جنێودان | ٣١١ | ٪٣،٢٥ |
| ٧ | ناپاکی هاوسەرگیری | ٢٤٩ | ٪٢،٦٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨ | لەماڵ دەرکردن | ٢٠٧ | ٢،١٦٪ |
| ٩ | کۆمەڵایەتی | ٢٠٢ | ٢،١١٪ |
| ١٠ | بێزارکردن بە تەلەفون/ ئامێرەکانی پەیوەندیکردن | ١٨٩ | ١،٩٧٪ |
| ١١ | توندوتیژی نواندن | ١٧٦ | ١،٨٣٪ |
| ١٢ | سووکایەتی پێکردن | ١٦٨ | ١،٧٥٪ |
| ١٣ | بێبەشکردن لەسەرمایەو دەرفەتی کار | ١٤٤ | ١،٥٠٪ |
| ١٤ | هێنانی ژنی دووەم | ١٣٠ | ١،٣٥٪ |
| ١٥ | نەگونجان لەگەڵ یەکتری | ١٣٠ | ١،٣٥٪ |
| ١٦ | جۆراوجۆر | ١٠٤ | ١،٠٨٪ |
| ١٧ | زەوتکردنی منداڵ | ٩٥ | ٠،٩٩٪ |
| ١٨ | نەزانراو | ٩٥ | ٠،٩٩٪ |
| ١٩ | خواردنەوەی مەشروب و زیان گەیاندن | ٨٧ | ٠،٨١٪ |
| ٢٠ | زەوتکردن بە گشتی | ٨٢ | ٠،٨٥٪ |
| ٢١ | کێشەی میرات دابەشکردن | ٨١ | ٠،٨٤٪ |
| ٢٢ | خەتەنەکردن کچان | ٦٤ | ٠،٦٦٪ |
| ٢٣ | مافی گشتی | ٤٨ | ٠،٥٠٪ |
| ٢٤ | هەوڵی خۆکوشتن / هاندان | ٤٣ | ٠،٤٤٪ |
| ٢٥ | بریندارکردن | ٣٠ | ٠،٣١٪ |
| ٢٦ | بوختان و تۆمەت بۆ هەڵبەستن | ٣٢ | ٠،٣٣٪ |
| ٢٧ | هەڵاتن لەماڵ | ٣٧ | ٠،٣٨٪ |
| ٢٨ | نەخۆشی دەروونی | ٢٠ | ٠،٢٠٪ |
| ٢٩ | خەرجی دابین نەکردن | ٢٠ | ٠،٢٠٪ |
| ٣٠ | فێلکردن | ٢٥ | ٠،٢٦٪ |
| ٣١ | بەزۆر بەشوودان | ١٩ | ٠،١٩٪ |
| ٣٢ | ژن بە ژن | ١٥ | ٠،١٥٪ |
| ٣٣ | ڕیگرتن لە هاوسەرگیری | ١٨ | ٠،١٨٪ |
| ٣٤ | هەوڵی خۆکوشتن | ١٦ | ٠،١٦٪ |
| ٣٥ | نامووس | ١٥ | ٠،١٥٪ |
| ٣٦ | زۆرلیکردن بۆ لەشفرۆشی | ١٠ | ٠،١٠٪ |
| ٣٧ | چوونەسەرماڵ | ١٥ | ٠،١٥٪ |
| ٣٨ | ونبوون | ٧ | ٠،٠٧٪ |
| ٣٩ | زەوتکردنی خێزان | ٦ | ٠،٠٦٪ |
| ٤٠ | دەستدرێژیکردنەسەر | ٦ | ٠،٠٦٪ |
| ٤١ | دزیکردن | ١١ | ٠،١١٪ |
| ٤٢ | دەرمان خواردن | ٤ | ٠،٠٤٪ |
| کۆی گشتی | | ٩٥٦٨ | ٩٦٪ |

بڕگەکانی توندوتیژی جەستەیی لە خشتەی (٢)دا بریتین لە: (لێدان، شەڕکردن، سەرجێیکردن بەزۆر، توندوتیژی، خەتەنەکردنی کچان، بریندارکرد، دەستدرێژیکردنەسەر) لەمیانەی کۆکردنەوەی ژمارەی ئەو بڕگانە دەکاتە (٣٩١٤) و بەڕێژەی (٤٠،٩٠٪) سکاڵای توندوتیژی جەستەیی دژی مێینە لەخێزاندا. هەروەها بڕگەکانی توندوتیژی دەروونی دژی مێینە لە خێزاندا بریتین لە: (هەڕەشەکردن جنێودان، ناپاکی هاوسەرگیری، لەماڵ دەرکردن، هێنانی ژنی دووەم، زەوتکردنی منداڵ، بوختان بۆهەڵبەستن، نەخۆشی دەروونی، بەزۆربەشودان، ژن بە ژن، زۆرلێکردن بۆ لەشفرۆشی) ژمارەیان (٤٥٣٠) وبەڕێژەی (٤٠،٣٣٪) سکاڵان. لەڕاستیدا هەموو جۆرێکی توندوتیژی جەستەیی سەرەتا بە توندوتیژی دەروونی دەستپێدەکات ، وەکو جنێودان و هەڕەشەوسوکایەتی و وتەی زبرو ناشیرین و تەنانەت دەنگ دابڕین ... هتد. کەواتە کۆی توندوتیژی دەروونی لە خشتەکەدا دەکاتە کۆی بڕگەکانی توندوتیژی جەستەیی و بڕگەکانی دەروونی کە دەکاتە (٨٤٤٤) سکاڵاو بەڕیژەی (٨٨،٢٥٪). کەواتە توندوتیژی دەروونی بە پلەی یەکەم دێت و توندوتیژی جەستەیی بە پلەی دووەم، ئەمە سەرەڕای توندوتیژی ئابووری و پەروەردەیی.

کاریگەرییە نەرێنییەکانی توندوتیژی دەروونی زۆر زیاترو ماوە درێژترە وەك لە توندوتیژی جەستەیی و جۆرەکانی تر، وەکو دەڵێن : جێگای خەنجەر چاکدەبێتەوە، بەڵام جێگای قسەی ناشیرین و ناووناتۆرە هەردەمێنێتەوە.

باسی چوارەم/ فەراهەمکردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکەو ختستەڕووی ئەنجامەکان، پێشنیاز و ڕاسپاردەکان، سەرچاوەکانی توێژینەوەکە

دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

١ـ هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ی دەرکردووە و چەندەها بەڕیوەبەرایەتی پۆلیس و دادگای تایبەتی بۆ جیبەجێکردنی ئەو یاسایە دەرکردووە بۆ مەبەستی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی هەروەکو لەناوی یاساکەدا هاتووە، بەڵام توندوتیژی خێزانی وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە بڕ و لە جۆردا نەك کەمی نەکردووە بەڵکو زیادی کردووە، هەروەکو لە ئامارەکانی (١٣) ساڵی ڕابردوودا خراونەتەڕوو. کەواتە ڕیگای چارەسەری یاسایی تەنها بەس نییە لەو بوارەدا، بەڵکو توندوتیژی خێزانی چەندەها ڕەهەند و فاکتەری خۆی هەیە کە گرنگترینیان کولتووری کۆمەڵایەتییە کە خۆی لە داب و نەریت و هزری خێلەکی و سیستمی نێرسالاریدا دەبینێتەوە، کە هەردووکیان ئاوێتەی دەسەڵات و سیستمی سیاسی وڵاتیش بوون، ئەمانەش هەموویان کاریگەرییان هەیە لەسەر مانەوەو زیادبوونی توندوتیژی خێزانی بە گشتی و توندوتیژی دژ بە مێینە بەتایبەتی هەیە، هەرچەندە توندوتیژی پێچەوانەش هەیە، توندویژی مێینە بەرامبەر بە ڕگەزی مێینە لەناو خێزاندا کە یەکێتی پیاوانی کوردستان ساڵانە ئامارەکانیان لەو بارەیەوە دەخەنەڕوو، بەڵام ڕێژەو جۆری ئەو توندوتیژییانە زۆر کەمترن وەك لەوەی بەرامبەر بەڕەگەزی مێینە ئەنجام دەدرێت.

٢ـ کرانەوەی کۆمەڵگای کوردستانی و کاریگەریی بە جیانی بوون لەسەری بەتایبەتی هۆیەکانی پەیوەندیکردن لەسەر هەکووشیانەوە سۆشیال میدیا کاریگەریی نەرێنی زۆری لەسەر خێزان و ئەندامەکانی جێهێشتووە، ئەمە سەرەڕای پەیرەوکردنی تاکگەرایی وەکو بەشێك لەسەر بەخۆیی ئەندامەکانی خێزان و دەرچوون لەشێوازی پەروەردەیی خێزانی سوننەتی و داواکردنی مافەکانیان لە دایك و باوك و لە کۆمەڵگاش بە گشتی. ئەمە سەرەڕای تەنگژەی ئابووری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری، ئەم هۆکارانە هەموویان بە تێکڕا و چەندەها هۆکاری ناوەکی و دەرەکی تر کاریگەریی نەرێنییان کردۆتە سەر خێزان لە هەرێمی کوردستاندا و توندوتیژی بە هەردوو شێوازەکەی نێرینە بەرامبەر بە مێینەو مێینەش بەرامبەر بە نێرینە لە بڕو لە جۆردا زیادی کردووە و پێویستی بە چارەسەری هەنووکەیی و درێژخایەنیش هەیە.

پێشنیاز و ڕاسپاردەکان:

پێشنیارەکان

لەمیانەی ئەو ئەنجامانەی کە لە توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین چەند پێشنیارێك دەخەینەڕوو:

١ـ هەوڵدان زیاتری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمیانەی دامەزراوەکانی بۆ سەروەربوونی زیاتری سەروەری یاساو جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگاکان بەسەر گشت هاوڵاتییاندا بەبێ جیاوازی.

٢ـ لەبەر زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و فراوانبوونی شارو شارۆچکەکانی پێشنیار دەکەین بە کردنەوەی دادگای زیاتر لەو شوێنانە بە تایبەتی دادگای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و بەڕیوەبەرایەتییەکانی پۆلیس بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگاکان لەکاتی خۆیداو بەبێ دواکەوتن.

٣ـ پشتبەستن بە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و جەختکردنەوە لەسەر گرنگیی ژن و ڕۆڵی بنەڕەتی لە ڤیگەیاندنی منداڵ بە پەروەردەیەکی دروست و پاراستنی خێزان.

٤ـ دانانی بابەتی هۆشیاری خێزانی و کۆمەڵایەتی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، بەتایبەتی لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەییەکاندا بۆ باسکردنی ڕۆڵی هەردوو ڕەگەزەکە بەتایبەتی ڕەگەزی مێ لە پەروەردەیەکی دروست و ئاشتی خوازانەو بونیادنانی خێزانێکی دروستدا.

٥ـ دابینکردنی هەلی کار بۆ ژنان و پێشکەشکردنی چاودێری و پاڵپشتی ماددی بۆیان هەتا بتوانن ژیانی خۆیان و بەشداریکردنیان لە بژێوی خێزانەکانیاندا.

٦ـ کردنەوەی ناوەندی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری خێزانی و پێشکەشکردنی ڕینمایی و ئامۆژگاری و چارەسەر بۆ پیاوی توندڕەو ئەوانەی چەندجارێك لە ژن و منداڵەکانیان داوەو یارمەتی بدرێ هەڵچوونە دەروونییەکانی بەرامبەر بە هاوسەرکەی و لەبەرچاوی منداڵەکانی کۆنترۆڵ بکات، کە ئەوە کاریگەریی دەبێت لەسەر ڕەفتاری منداڵەکان لە ژیانی دوارۆژیاندا.

ڕاسپاردەکان
١ــ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر دیاردەی توندوتیژی خێزانی بە گشتی و توندوتیژی دژی مێینە بە تایبەتی.
٢ــ کردنەوەی بەشی توێژینەوەی زانستی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا.
سەرچاوەکانی توێژینەوەکە
یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان:

ــ بۆکانی،د.سابیر(٢٠١٦): میتۆدی توێژینەوەی زانستی، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی.
ــ جەمال،سۆزان(٢٠١٣): پەیوەندییەکانی ژن، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم ــ سلێمانی
ــ حەسەن، د. ئەفرام(٢٠٩٩): نەخۆشییە دەروونییەکان، چاپخانەی ئاوێنە، چاپی دووەم ــ سلێمانی.
ــ حەسەن، محمد فەریق(٢٠٢١): فەرهەنگی وشە زبرەکان، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم ــ سلێمانی.
ــ خانمان، ئەنجومەنی باڵای خانمان(٢٠١٧): ستراتیژی نیشتمانی ، چاپی سێیەم.
هەتاو کریم خضر ، ظاهرة العنف الاسری ، رسالة ماجستیر غیر منشورة ، جامعة صلاح الدین ، کلیة الاداب ، ٢٠٠٤ ، ل٢٤
ــ دلتافو،ئالیسا(٢٠٢): توندوتیژی خێزانی، ڕێخراوی ئاسوودە بەهاوکاری وەزارەت.ی ڕۆشنبیری
ــ رەفیق،ئاری(٢٠٢٠): لەسەرهەڵدانی کێشەوە بۆ توندوتیژی، Iraqi civil society solidarity ( ICSSI initiative
ــ سیوەیلی، د. لوقمان(٢٠٢١) توندوتیژی و کوشتن بەبیانووی شەرەف لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ڕیکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت ــ CDO ــ سلێمانی.
عەبدولرەحمان،عەبدوڵا(٢٠١٢): توندوتیژی خیزانی تێروانین و چارەسەر، چاپخانەی ماردین، چاپی یەکەم ــ سلێمانی.
عەلی(٢٠١١) سیروان وەلی، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی توندوتیژی هێمایی لەسەر گەنجان، نامەیەکی ماستەر (بڵاونەکراوە) پێشکەشی کۆلیجی ئەدەبیات کراوە لە زانکۆی سەلاحەدین ــ هەولێر.
ــ کەریم ونوری،٢٠١٠،ل١٧) توندوتیژی برا دژی خوشك، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان. زنجیرە (٥٤)، چاپی یەکەم ــ سلیمانی.
یاسین،عزالدین عبدالله(٢٠١٦): خەتەنەکردنی مێینە لە شەریعەت و یاسا، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان، چاپی یەکەم ــ هەولێر.
دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:
ــ ابو النصر،أ.د مدحت(٢٠١٧):مناهج البحث في الخدمة الاجتماعية، المجموعة العربية للتدريب والنشر، الطبعة الاولى،القاهرة ــ مصر.
ــ جاسم،د. افراح(٢٠١٣): العنف الاسري ضد الزوجة ــ دراسة ميدانية في مدينة بغداد، مطبعة وزارة الثقافة ــ الطبعة الاولى ــ بغداد.
ــ الحمداني (٢٠٠٥) وآخرون، مناهج البحث العلمي، جامعة عمان العربية للدراسات العليا، عمان، اردن.
ــ دزەيی(٢٠٠٧) شهبال معروف، العنف ضد المرأة ــ دراسة تأصيلية تحليلية قانونية وأجتماعية، من منشورات ئاراس رقم: ٥٩١ ، الطبعة الاولى ــ اربيل .
ــ غدنز(٢٠٠٥): علم الاجتماع (مع مدخلات عربية)، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الاولى ــ بيروت.
ــ الزيباری،د.طاهر حسو(٢٠١١): اساليب البحث العلمي في علم الاجتماع، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، لبنان ــ بيروت.
ــ القصير، أ.د مليحة عوني و احمد، د. صبيح عبد المنعم (١٩٨٥) علم الاجتماع العائلة، مطبعة جامعة بغداد.
ــ كرادشة،منير(٢٠٠٩): العنف الاسري، عالم الكتب الحديث، الطبعة الاولى ــ أربد ــ الاردن.
ــ القصير، أ.د مليحة عوني و احمد، د. صبيح عبد المنعم (١٩٨٥) علم الاجتماع العائلة، مطبعة جامعة بغداد.
ــ ويكيبيديا/ الموسوعة الحرة / ٢٠٢٣/٤/٢١.

## ملخص البحث

## الغنف الاسري وآثاره على افراده

### دراسة نظرية وصفية تحليلية

### بحث مستل من رسالة دكتورا

أن هذا البحث (العنف الاسري وآثاره على افراده) هو بحث وصفي تحليلي مستل من رسالة دكتوراه. ويتكون البحث من فصلين وكل فصل منهما يتكون من عدد مباحث:ـ الفصل الاول يتكون من ثلاث مباحث، المبحث الاول يتضمن العناصر الرئيسة للبحث كمشكلة البحث وأهميته واهدافه، وخصص المبحث الثاني للتعريف بمفاهيم البحث، بينما تضمن المبحث الثالث دراستين سابقتين متشابهتين، ويتكون الفصل الثاني ايضا من ثلاث مباحث: الاول خصص لأنواع العنف، والثانى لآثار العنف الاسري على أفراده والثالث يشمل جمع وتحليل احصائيات العنف الاسري ومقارنتها بين مدن و محافظات أقليم كوردستان حسب السنوات، ثم تم عرض بعض المقترحات والتوصيات و مصارد البحث.

وفي النهاية توصل البحث الى عدة نتائج ومنها:

١ـ على الرغم من ان برمان كوردستان أصدر قانون مناهضة العنف الاسري رقح ٨ لسنة ٢٠١١، وكذلك تم أنشاء عدة أقسام شرطة ومحاكم خاصة لتنفيذ هذا القانون من أجل مكافحة العنف الاسري كما جاء في نص القانون على ان العنف الاسري كظاهرة كما ونوعا، لم تنقص بل زادت، كما هو موضح في احصائيات ال ١٣ عاما الماضية. ولذلك فأن الحلول القانونية ليست كافية في هذا الشأن، بل ان العنف الاسري له ابعاد وعوال الكامنة وعديدة، اهما الثقافة الاجتماعية التي تجد نفسها في العادات والتقاليد والفكر القبلي والنظام الابوي،

٢ـ ان انفتاح المجتمع الكردي وتأثير العولمة وخاصة وسائل الاتصال كان له أثر سلبي على الاسر والافراد وهز أستقلالية أفراد الاسرة وتم ابتعادها عن الاسلوب التربوي الاسري التقليدي والمطالبة بحقوقهم من الوالدين ومن المجتمع على العموم

٣ـ وخلال (١٣) عاما، أي من (٢٠١٠) الى (٢٠٢٢)، تم تسجيل (١٠٥٧٩٢) شكوى للعنف الاسري في مديريات العنف الاسري في أقليم كوردستان.

٤ـ وبحسب تقرير اتحاد رجال كوردستان فأن أحصائيات العنف ضد الرجل بلغت (٥٣٤) حالة، وينقسم الى انواع من العنف مثل الانتحار وقتل الرجال على يد زوجاتهم وبمساعدة الاخرين، وطرد كبار السن من منازلهم، والخيانة الزوجية، والعنف الجسدي والضغط النفسي والحرمان الجنسي، ومصادرة راتبه، وحرمان الاب من رؤية أطفاله، والهجمات الاعلامية والالكترونيه وغيرها من التشهير.

٥ـ تأثير العنف الاسري يظهر على الاطفال بالدرجة الاولى، فهم أول ضحايا العنف الابوي، مما يجعل يشعرون بعدم الامان والاستقرار في حياتهم الاسرية، والامر يكون أسوأ عندما يرى الاطفال العنف بين آبائهم وأمهاتهم، وتصبح صورة مستقرة في أذهانهم ومن الصعب جدا ازالتها ونسيانها.

٦ـ يؤدي العنف الاسري في بعض الاحيان الى تفكك الاسرة مما يسبب العديد من المشاكل مثل تشرد الاطفال واهمالهم، وانقطاهم عن المردسة، وهي من انتهاكات حقوق الطفل.

Abstract

Domestic violence and its impacts on family members

It is a theoretical and descriptive analytical study.

The study taken from a doctoral thesis

PhD. Student: Ali Jaafar Khalid

E-mail : ali.khalid@univsul.edu.iq

Mobile Number: ٠٧٧٠١٩٢١٢٣٢

Supervised by

Zhiya Abbas Qader

University of Sulaimani/ College of Humanities/ Department of Social Work

Keywords (Violence, Domestic Violence, Family, Impact of Violence on Family Members)

Abstract

This research ((Domestic violence and its impacts on family members) is a theoretical and descriptive analytical study and is taken from a doctoral thesis, it consists of two parts, the first part is devoted to the elements of the study and consists of three topics:

The first section covers the problems, importance and objectives of the research, the second is devoted to defining the concepts of the research, the third includes two similar studies. The second part also consists of three topics: types of violence, the impact of domestic violence on its members, and then in the last topic, the statistics of domestic violence are taken and analyzed and compared between the cities and towns of Kurdistan. Then a number of suggestions, recommendations, and research sources are presented.

Finally, the study reached several conclusions such as:

١- However, the Kurdistan parliament has passed the law of combating domestic violence No. (٨) of ٢٠١١, Many police departments and special courts have been founded to combat domestic violence as stated in the law, but domestic violence as a social phenomenon in numbers and type has not decreased but increased as shown in in the statistics of the past ١٣ years So the legal solution is not enough in this field. Domestic violence has many dimensions and factors, the most important one is social culture which is reflected in tribal customs and ideas and patriarchal system, both of them were integrated into the country's power and political system; and these are all have impact on the persistence and increase of domestic violence in general and violence against females in particular, although there are contradictions, female violence against men in the family, which the Kurdistan Men's Union presents statistics on this subject every year, but the rate and type of the violence is lower than that against females.

٢- -The openness of the Kurdistan society and the impact of globalization on it, especially the means of communication, on all of them social media has left a negative impact on families and its members, this is despite the practice of individualism as part of the independence of family members and the departure from the traditional family educational style and asking for their rights from their parents and society in general. In addition to the economic crisis and rising poverty and unemployment, all of these factors on average and many other internal and external factors have had a negative impact on the family in the Kurdistan Region and violence in both male-to-female and female-to-male forms has increased in quantity and type and requires immediate and long-term solutions.
٣- During the ١٣ years from (٢٠١٠) - (٢٠٢٢) in the cities and towns of the Kurdistan Region (١٠٥٧٩٢) complaints of domestic violence have been registered in the directorates for combating domestic violence in the Kurdistan Region.

٤ -According to the report of the Kurdistan Men's Union, the statistics of violence against men in ٢٠٢٢ has reached (٥٣٤) cases, it is divided into types of violence such as: suicide and murder of men by their wives with the help of others, eviction of elderly men from their homes, marital infidelity, physical violence and psychological and sexual pressure, With holding salaries, depriving fathers of seeing their children, media and cyber-attacks and defamation.

٥ -The effects of domestic violence are primarily on children, they are the first victims of the cycle of violence between parents which makes children feel the lack of security and instability family life, and the worst image for children is to see violence between their parents in such a way they will be stuck in their emotions and it will be very difficult to remove and forget.
٦- Domestic violence sometimes leads to the dissolution of the family, which leads to many problems, such as the separation of children from education, homelessness and work, which is one of the violations of children's rights.